هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە: ١١٥٠
ڕێکەوت: ٦ / ١ / ٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / ١٠ / ٢٧٢٢ی کوردی

No:
Date:

ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٢)

## ڕێنمایی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ پرۆگرامەکانی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

پاڵپشت بە برگەی دووەم لە ماددەی (٣٥)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکیەکان و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، **بڕیاردرا بە**:-

- دەرکردنی ڕێنمایی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ پرۆگرامەکانی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) بەم شێوەیەی خوارەوە:-

### ماددەی یەکەم / مەرجە گشتیەکان:

١. بەدەستهێنانی نووسراوی لارینەبوون لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی.
٢. بەڵگەنامەی پوختەی ڕاژە.
٣. مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. مەرجی بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ گشت پێشکەشکارانی پسپۆڕی گشتی و پسپۆڕی وورد بریتی دەبێت لە (IELTS-Academic: 6 , TOEFL-PBT: 541 , TOEFL-iBT: 72 , Pearson PTE- Academic: 58) و دوا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی پێش تاقیکردنەوەی کرداری (پراکتیکی) کۆتاییە. بە پێچەوانە بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت.

ب. سەبارەت بە ئەنجامدانی بڕوانامەی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەکو (IELTS-Academic, TOEFL-PBT, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) کاری پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوستراليا). بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

ج. پێویستە لەسەر ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی (IELTS-Academic, TOEFL-PBT, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic)ی وەرگیراوان بکات.

د. بڕوانمەی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (Pearson PTE-Academic, TOEFL, IELTS-Academic) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك ئەو بڕوانامانەی کە ماوەی (٢) دوو ساڵیان بەسەردا تێپەڕیووە، پێویستە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان ئەنجام درابێت.

٤. بەڵگەنامەی پشکنینی پزیشکی کە پێشکەشکار هیچ نەخۆشیەکی گواستراوە (الامراض الانتقالية) و هیچ بەربەستێکی تەندروستی لە بەردەم بەردەوام بوون لە پرۆسەی خوێندن و ڕاهێنان نییە.
٥. تەمەنی پێشکەشکار بۆ خوێندنی ئاسایی نابێت لە (٥٠) ساڵ زیاتر بێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار دەتوانێت بە سیستەمی پاڕاڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.
٦. مەرجە پێشکەشکار خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار دەتوانێت بە شێوازی پاراڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.

## ماددەی دووەم/ مەرجە تایبەتیەکان:

١. پزیشکەشکارانی پسپۆڕی تیشک و سۆنار (Radiology)، مەرجە دوو ساڵی لە خولی ڕاهێنانی تیشک (دورة تدريب الاشعة) یاخود دوو ساڵ نیشتەجێی دێرین (مقیم اقدم)ی تەواو کردبێت.

٢. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Clinical Hematology) بە دوو شێوە دەبێت:-

أ. ئەگەر هاتوو پزیشکەشکار بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆرد (بۆردی هەناو)ی هەبێت، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت.

ب. ئەگەر هاتوو پزیشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوو، ئەوا دەبێت ساڵێک وەکو پزیشکی نیشتەجێی دێرین خزمەتی هەبێت لە یەکێک لەم بەشانەی خوارەوە:

{هەناو، نەخۆشیەکانی خوێن، نەخۆشیەکانی گرێ (الاورام) }، هەروەها مەرجی پلەبەندی نایانگرێتەوە و ماوەی خوێندن و ڕاهینان (٥) پێنج ساڵ دەبێت.

ج. هەڵگری بڕوانامەی بۆردی (Hematopathology)، خوێندنیان بۆ ماوەی (٤) چوار ساڵ دەبێت.

٣. مەرجەکانی خوێندن و ڕاهێنان بۆ ئەم پسپۆڕیانەی خوارەوە، بەو دوو شێوەیە دەبێت:

(Cardiovascular, Respiratory Medicine, GIT, Nephrology, Medicine, Digestive Surgery Rheumatology)

أ. ئەگەر پزیشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بۆرد بوو، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنانی (٣) سێ ساڵ دەبێت.

ب. ئەگەر پزیشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٥) پێنج ساڵ دەبێت، هەروەها ساڵێک وەکو نیشتەجێی دێرین خزمەتی هەبێت لە بەشی هەناوی گشتی یاخود ئەو بەشەی کە پزیشکەشی دەکات.

٤. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Endocrinology):

أ. تەنها هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆرد دەتوانن پزیشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن.

ب. ماوەی خوێندن و ڕاهینان (٣) سێ ساڵ دەبێت.

٥. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Digestive Surgery):

پزیشکەشکار دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆردی هەبێت لە بەشی نەشتەرگەری گشتی.

٦. ئەم پسپۆڕیانەی خوارەوە پێویستیان بە پلەبەندی نیە وەکو مەرج لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان: (Anesthesia, Psychiatry, Intensive Care Medicine, Emergency Medicine)

٧. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Clinical Pharmacy):

أ. دەبێت (١) یەک ساڵ وەکو دەرمانسازی نیشتەجێی خولاو خزمەتی فعلی هەبێت.

ب. دەبێت (١) یەک ساڵ وەکو دەرمانسازی پلەبەند خزمەتی هەبێت.

٨. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Intensive care medicine): هەمان مەرجە گشتیەکان پەیرەو دەکرێت لەم پسپۆڕیەتیە و پێویستی بە ماوەی پلەبەندی نیە بۆ (Track I) لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان.

* بۆ (Track II) هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەن لەم بەشانەی خوارەوە دەتوانن پزیشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لەم بەشانە:

(General Surgery, Cardiothoracic Surgery, Neurology, Anesthesia, Internal Medicine, Pediatrics, Emergency Medicine, Cardiology, Respiratory Medicine, Nephrology)

٩. خوێندن و ڕاهێنان لەپسپۆڕی (Pediatric Surgery): مەرجە پزیشکەشکار یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەبێت لە بەشی (Pediatric Surgery) یاخود لە بەشی نەشتەرگەری گشتی.

١٠. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Special Care Dentistry): پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە.

Ministry of Higher Education & Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکرده

١١. مەرجی خوێندن و راهێنان بۆ پسپۆڕیەکانی (Health Administration, Infectious Disease Control):

أ. پێشکەشکار پێویستی بە ماوەی پلەبەند هەیە وەکو مەرج.

ب. تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی گشتی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Infectious Disease Control) بکەن.

ج. دەرچووانی کۆلێژەکانی دەرمانسازی و پزیشکی ددان دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Health Administration) بکەن.

د. خوێندن و راهێنان لە پسپۆڕیەتی (Dental Public Health) تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی ددان دەتوانن پێشکەشی خوێندن و راهێنان بکەن لەم بەشە و مەرجە پێشکەشکار ساڵێک خزمەتی وەکو پلەبەند هەبێت.

١٢. بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە پێویست بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین ناکات وەکو مەرج:

(Family medicine, Community Medicine, Health Administration, Special Care Dentistry, Dental Public Health, Restorative Dentistry, Orthodontics, Maxillofacial & Oral Medicine, Infections Disease Control, Clinic Pharmacy, Intensive Care Medicine, Psychiatry).

١٣. مەرجی دوو ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین بۆ هەردوو بەشی (Dermatology, Plastic Surgery).

تێبینی/ هەردوو پسپۆڕی پێست و نەشتەرگەری جوانکاری دەکرێت دوای تەواوکردنی یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین پێشکەشی خوێندن و راهێنان بکات بە مەرجێک بەڵێنامەی کارکردن بدات کە وەک میلاک بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ لە دەرەوەی شار خزمەت بکات لە (هەڵەبجە و گەرمیان و راپەین و کۆیە و زاخۆ) و ببێتە میلاکی ئەم شوێنە.

١٤. ئەو بەشانەی کە پێویستە پێشکەشکار خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەبێت وەکو مەرج بۆ ماوەی ساڵێک بۆ ئەوەی پێشکەشی خوێندن و راهێنان بکات لەم بەشانەی خوارەوە:

(Internal Medicine, Pediatrics, Neurology, Medical Oncology, Clinical Hematology, General Surgery, Gynecology & Obstetrics, Neurosurgery, Orthopedic, ENT, Urology, Cardiothoracic & Vascular Surgery, Ophthalmology, pediatrics Surgery, Maxillofacial & Oral Surgery, Radiation Oncology, Lab. Hematology, Histopathology, Chemical pathology, Clinical Microbiology).

**تێبینی /**

أ. هەڵگری بڕوانامەکانی (MRCP, MRCS, FRCP, FRCS) بە هاوتای بۆرد هەژمار ناکرێت. تەنها ئەو بڕوانامانە ئەژمار دەکرێن کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ کراوە لەسەر بنامەی (CCT).

ب. سەبارەت بە پێشکەشکارانی دانەمەزراو، دواتر ناوەڕۆکەکەی بە فەرمانی وەزاری دەردەچێت.

## ماددەی سێیەم/ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:

١. تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەیەکی ستانداری ناوەندی ئەنجام دەدرێت کە پرسیار و هەڵەچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوەکان لە لایەن لیژنەیەی پسپۆڕ لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕیەکانی پزیشکی ئامادە دەکرێت و ئەنجام دەدرێت.

٢. مەرجە پێشکەشکار لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت و مەرجە بە لایەنی کەم (٦٠) نمرە لە (١٠٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە مافی چوونە پێشبرکێی نییە.

٣. بە هیچ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو دەکرێت (واتە نمرەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت لە کاتی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی).

٤. تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تەنها بە شێوەی نووسین ئەنجام دەدرێت.

٥. پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.

٦. پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایانی پسپۆڕ، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

Ministry of Higher Education & Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە


**ماددەی چوارەم/ ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:-**

شێوازی وەرگرتن و پێوەرەکانی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

١. نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ڕێژەی (٣٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.
٢. نمرەی تاقیکردنەوەت توانستی زانستی، ڕێژەی (٧٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.

**تێبینی:**

أ. بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆمی دوو ساڵە (٤) چوار نمرەی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبڕکێ.
ب. بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی یەک ساڵە (٢) دوو نمرەی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبڕکێ.
ج. بۆ هەر ساڵێکی نیشتەجێی دێرین (٢) دوو نمرەی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبڕکێ، بە مەرجێک لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت.
د. بۆ هەر ساڵێکی خزمەت پاش پسپۆری یاخود نیشتەجێی دێرین (١) یەک نمرەی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبڕکێ، بە مەرجێک لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت.
هـ. پسپۆری وورد، تاقیکردنەوە لەسەر (١٠٠) نمرە ئەنجام دەدەن و نمرەی بەدەستهاتوو دەبێتە نمرەی پێشبڕکێ بۆ خاڵبەندی.

**ماددەی پێنجەم/ بەڵگەنامە داواکراوەکان:**

١. فۆرمی پێشکەشکردن.
٢. نووسراوی لاری نەبوون لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پێشمەرگە.
تێبینی/ بۆ داموودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی زانکۆ دەبێت.
٣. دوایین پوختەی ڕاژەی پێشکەشکار.
٤. وێنەی ڕەسەنی بڕوانامەی کۆلێژ بە زمانی ئینگلیزی بە نمرە.
٥. وێنەی ڕەسەنی بڕوانامەی هەڵواسراو یان فەرمانی بەخشینی بڕوانامە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد.
٦. وێنەی ڕەسەنی بڕوانامەی هەڵواسراو بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆمی باڵا.
٧. وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی وکارتی زانیاری یاخودکارتی نیشتمانی.
٨. (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ.
٩. پسولەی ژمێریاری بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە خوێندن و ڕاهێنان.
١٠. پێشکەشکار پێویستە لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن، بەڵێنامەی یاسایی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی پڕ بکاتەوە کە لە بۆردی پزیشکی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەرنەگیراوە.

**ماددەی شەشەم: پلان و ژمارەی کورسییەکان:**

دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، وەزارەت لە ڕێگەی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا داوای پلان لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی دەکات، ئەنجومەن هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلانی وەرگرتن بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان و ژمارەی کورسییەکان دیاری دەکات بە ڕەچاوکردنی هەبوونی ستاف و ژێرخانی ئەندازەیی و ئەکادیمی وکارگێری و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی زانستی و پێداویستی ڕاستەقینەی داموودەزگاکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و پاشان لە لایەن وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا پلان و ژمارەی کورسییەکان پەسەند دەکرێت، دوای تەواوبوونی پرۆسەی پێشکەشکردن و ئەنجامدانی ڕێکارەکان، ئەنجامی بەرایی پێشکەشکاران بۆ وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا ڕەوانە دەکرێت بە مەبەستی ووردبینیکردن و پاشان لە لایەن وەزیر پەسەند دەکرێت و پلان ژمارەی کورسیەکانی خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

١. کورسیە گشتییەکان بە شێوەی خۆرایی: ئەوانەی مافیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە کورسیە بکەن لە نێوان خۆیان پێشبڕکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیە گشتیەکان بە خۆرایی بە شێوەی سەرتاسەری بە پێی پلان دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان وەردەگیرێت.

٢. کورسی بە شێوازی پاراڵێل: ئەوانەی مافیان هەیە پێشکەشی کورسی پاراڵێل بکەن لە نێوان خۆیان پێشبڕکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیەکانی پاراڵێل بەشێوەی سەرتاسەری بە پێی پلان دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان وەردەگیرێت.

**تێبینی:**

أ. کورسی خوێندن بۆ پلانی پێشنیارکراو لە لایەن ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی و پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە بە هیچ شێوەیەک زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری تێیدا ناکرێت.

ب. لە پێناو دروستکردنی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت، کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت، بەڵکو پێشکەشکردن بە شێوەی سەرتاسەری لەسەر کورسیەکان بە پێی پلان لەسەر بنەمای پێشبڕکێ و خاڵبەندی دەبێت.

ج. پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی بە پێی پلان هەڵبژێرێت و واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی بکات (واتە پێشکەشکردن لەسەر کورسی گشتی بە شێوەی خۆرایی یاخود کورسی بە شێوازی پاراڵێل).

## ماددەی حەوتەم / لایەنی دارایی خوێندن و راهێنان:

١. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندن و راهێنان لەسەر ئەستۆی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی دەبێت.

٢. ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسی پاراڵێل وەردەگیردرێن، ئەوا تەواوی تێچووی خوێندنەکەیان لە ئەستۆی پێشکەشکار دەبێت.

٣. دوای دەرچوونی ئەم رێنمایيە، کرێی خوێندن بە شێوازی پاراڵێل لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی پێشنیار دەکرێت بۆ وەزارەت و لە لایەن فەرمانگەی توێژینەوەی پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی کارگێری و دارایی بە واژووی وەزیر پەسەند دەکرێت.

## ماددەی هەشتەم / ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و راهێنان:-

شێوازی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و راهێنان لە ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی بە رێنمایی تەواوکاری دەردەچێت.

## ماددەی نۆیەم / حوکمە گشتیەکان:

١. مەرجە پێشکەشکار دەرچووی یەکێک لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکان بێت کە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانی-عێراق دانپێدانراو بێت.

٢. هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر پێشکەشکار سەرجەم دۆکیۆمێنتەکانی تەواو نەبێت تاوەکو دوایین رۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوە نابێت، ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکیەکان لیژنەیەک پێکدەهێنێت کە بەرپرسیارە لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەیان هەیە، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا مافی چاودێری و وردبینی پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتنی هەیە.

٣. پێویستە وەرگیراو پێش دەستپێکردن بە خوێندن و راهێنان، مۆڵەتی خوێندن بە پێی یاسا و پەیڕەو و رێنمایيە کارپێکراوەکان وەربگرێت و پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی بکات.

٤. لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن پێشکەشکار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییەکانی پزیشکی، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی لە لایەن ئەنجومەنەوە بۆ دەردەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەری وەردەگیردرێت.

٥. وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پلەیەدان، ناتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنانی بۆرد بکەن.

**ماددەی دەیەم/** کار بە هیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت و ئەو ڕاهێنراوانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە خویندن و ڕاهێنان، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو بەردەوام دەبن.

**تەوەری یانزەهەم/** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوون

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بە مەبەستی ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شێوازی پێشبڕکێ و بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکیەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی بۆردی پزیشکی ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندایەتی و چۆنایەتی خوێندن و ڕاهێنان، و هەروەها دروستکردنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی بۆردی پزیشکی بۆ پێشکەشکاران و پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆڕ بۆ دامودەزگاکانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

Ministry of Higher Education & Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

**وێنەیەک بۆ:-**
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- وەزارەتی تەندروستی / نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییەکانی پزیشکی/نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو.

حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٣٨٦٢
ڕێکەوت: ٢٢ / ٦ / ٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢٢ / ٨ / ٢٠٢٢

ریّنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٢)

## ڕێنمایی هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی باڵا/دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی (ئەنجومەنی وەزارەت) کە لە ڕێکەوتی (١٦/٨/٢٠٢٢) ئەنجامدرا، بڕیاردرا بە:-

- هەموارکردنەوەی (تەوەری چوارەم/خاڵی ٤ تایبەت بە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان) لە ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ماددەی یەکەم:** قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی دکتۆرای بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات:-

١. یەک توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی کە لە لیستی (Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابێت ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت بە مەرجێک گۆڤارەکە لە وێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت.
٢. یان (٢) دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی بە شێوەیەک کە (١) یەك توێژینەوەی زانستی کە لە لیستی (Scopus) ئیندێکیس کرابێت بە مەرجێک گۆڤارەکە لە وێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت + (١) یەك توێژینەوەی زانستی لە گۆڤاری زانستی ناوخۆیی باوەڕپێکراو لە لایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت.
٣. یاخود (٢) دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت، و مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی پێدرا بێت و هەروەها مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی عێراق لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت.

**ماددەی دووەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت.
**ماددەی سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

### هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە

لە پێناو چەسپاندنی دادپەروەری سەبارەت بە قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی باڵا/دکتۆرا لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان کە بە ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیراون و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) دەستیان بە خوێندنی ئەکادیمی کردووە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**

**حكومة اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**
**مديرية الشؤون القانونية**


ژمارە: ١٣٨٦٢
ڕێکەوت: ٢ / ٦ / ٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢ / ٨ / ٢٠٢٢

**<u>وێنەیەک بۆ:-</u>**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- نووسینگەی بەڕێز راوێژکاران/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)

## ڕێنمایی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا - ماستەر - دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

پاڵپشت بە کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی ئەنجومەنی وەزارەت و (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، بڕیاردرا بە:-

- دەرکردنی ڕێنمایی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی - ماستەر - دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە:

**ماددەی یەکەم- پێناسەکان:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، بریتییە لەو واتایانەی کە بەرامبەریان نووسراوە لە هەر شوێنێک لەم ڕێنماییەدا هاتوو بن:

**حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**وەزارەت:** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**فەرمانگە:** فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان.

**زانکۆ حکومییەکان:** زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**کۆلێژ:** کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵەکان.

**کۆلێژە پزیشکییەکان:** کۆلێژ/فاکەڵتی/سکولەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی.

**سەنتەرەکانی زمان:** سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەش:** بەشی زانستی لە کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵەکان.

**یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:** یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.

**ماددەی دووەم/ مەرجە گشتیەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا:**

**یەکەم: تێکڕای نمرە (معدل):**

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار ڕەچاو ناکرێت بۆ پێشکەشکردن. هەر پێشکەشکارێک تێکڕای نمرە (معدل)ی (٥٠%) بێت، مافی هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکات.

٢. بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجە خوازیار تێکڕای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار لە (٦٠%) کەمتر نەبێت، جگە لە دەرچووانی کۆلێژە پزیشکیەکان. ئەو پێشکەشکارانەی تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمترە، مەرجە سەرەتا دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بخوێنن، دواتر مافیان هەیە پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکەن بە شێوەیەک کە ڕێژەی (٦٠٪)ی نمرە لەسەر کۆنمرەی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی دەبێت و ڕێژەی (٤٠٪)ی نمرە لەسەر کۆنمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەبێت.

٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجە خوازیار تێکڕای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی ماستەری ئەکادیمی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت و هەروەها مەرجە خوازیار تێکڕای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت، جگە لە دەرچووانی کۆلێژە پزیشکیەکان و هەڵگری نازناوی زانستی هەمیشەیی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە.

**دووەم: توانستی زمانی ئینگلیزی لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن:**

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە سەرەتای پرۆسەی پێشکەشکردن مەرج نیە، بەڵکو پێویستە خوازیار لە ماوەی خوێندنەکە و لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ئەکادیمی و پێش تەواو بوونی ماوەی خوێندن مەرجەکە دەستەبەر بکات کە لە لایەن (ئەنجومەنی زانکۆ)وە ئاستەکەی دەست نیشان دەکرێت، بە پێچەوانەوە ڕاستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت.

٢. بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن مەرج نیە، بەڵکو مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو پێش تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی یەکێک لەم دوو مەرجانەی خوارەوە سەبارەت بە توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکات، بە پێچەوانەوە ڕاستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت:-

أ. مەرجە خوازیار بۆ گشت بوارەکان ئاستی (Pre-intermediate)ی لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە سەرکەوتوویی تەواو کردبێت و بڕوانامەی بەدەست هێنابێت.

ب. یان مەرجە خوازیار نمرەی (5)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS- Academic) یاخود لە تاقیکردنەوە هاوتاکانی وەکو (Pearson Academic-PTE 52 ,TOEFL-iBT 414 ,TOEFL-PBT 59) بەدەست هێنا بێت.

٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن مەرج نیە، بەڵکو مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی یەکێک لەم دوو مەرجانەی خوارەوە سەبارەت بە توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکات، بە پێچەوانەوە راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت:-

أ. مەرجە خوازیاری بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان ئاستی (Pre-intermediate)، و هەروەها بۆ بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان ئاستی (Intermediate)ی لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە سەرکەوتوویی تەواو کردبێت و بروانامەی بەدەست هێنابێت.

ب. یان مەرجە خوازیاری بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان نمرەی (5)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS-Academic) یاخود لە تاقیکردنەوە هاوتاکانی وەکو (Pearson Academic-PTE 52, TOEFL-iBT 59, TOEFL-PBT 414) بەدەست هێنابێت، هەروەها بۆ بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان نمرەی (6)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS-Academic) یاخود لە تاقیکردنەوە نێودەدەوڵەتیە هاوتاکانی وەکو (Pearson TOEFL-iBT 73 , TOEFL-PBT 497 , Academic-PTE 67) بەدەست هێنابێت.

٤. سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی وەکو ( IELTS-Academic، TOEFL، Pearson Academic-PTE) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوسترالیا). بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

٥. پێویستە لەسەر زانکۆکان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بروانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیکردنەوەکانی (IELTS و TOEFL و PEARSON Academic-PTE )ی پێشکەشکاران ئەنجام بدەن.

٦. بروانامەی خولی زمانی ئینگلیزی سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٩) بە دواوە بە شێوازی نوێ کراوەتەوە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ کاری پێدەکرێت. هەروەها تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (IELTS-Academic، TOEFL، PEARSON-Academic-PTE) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك بروانامەکانی (IELTS-Academic، TOEFL، PEARSON-Academic-PTE) کە ماوەی دوو ساڵیان بەسەر تێپەڕیووە، پێویستە پێشووتر راست و دروستی بۆ بروانامەکانیان لە زانکۆکان ئەنجام درابێت.

٧. ئەو پێشکەشکارانەی هەڵگری بروانامەی (بەکالۆریۆس یان ماستەر)ن لە پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان، پێویستە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدەن و لەم مەرجە نابەخشرێن.

Ministry of Higher Education & Scientific Research KRG Iraq وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەرکردە

**سێیەم: تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

بۆ ئەوەی خوازیار مافی بەشداریکردنی لە پێشبرکێی وەرگرتن هەبێت، مەرجە:

١. خوازیار لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت و بە لایەنی کەم (١٥) نمرەی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت.
٢. پرسیار و هەڵچنینی پەراوی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەیەکی ستاندارد و ناوەندی لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر دادەنرێت بە پێی پسپۆری بەشەکان.
٣. لیژنەیەکی باڵا لە لایەن وەزارەت/فەرمانگە پێکدەهێنرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەموو پرۆسەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە زانکۆکان و دەستنیشانکردنی میکانیزمی شێوازی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.
٤. مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو دەکرێت (واتە نمرەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت لە کاتی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی).
٥. تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تەنها بە شێوەی نووسین ئەنجام دەدرێت.
٦. پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت لەسەر ئاستی (کۆلیژ یان بەش) سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.
٧. پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایان، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.
٨. ئەگەر هاتوو مامۆستا پەیوەندی خزمایەتی تاوەکو پلە (٤) چواری لەگەڵ خوازیاری هەمان پسپۆری خۆیدا هەبوو، ئەوا نابێت مامۆستایەکە بەشداری بکات لە پرۆسەی دانانی پرسیار و هەڵەچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەو پسپۆرییە، ئەمەش لە پێناو پیشەیی و شافیەت لە ئەنجامدانی کارووبارە زانستیەکان.

**چوارەم: تەمەن:**

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، میچ (سقف)ی تەمەن ڕەچاو ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن لەبەرئەوەی خوێندنەکە بە شێوەی پارالێل دەبێت.
٢. بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجە تەمەنی خوازیاری دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی) لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە (٤٥) چل و پێنج ساڵ زیاتر نەبێت. ئەگەر تەمەنی لە سەرووی (٤٥ ساڵ) چل و پێنج ساڵ بێت، ئەوا دەتوانێت بە شێوازی پارالێل پێشکەش بکات.
٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجە تەمەنی خوازیاری دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی) لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێم و عێراق لە (٥٠) پەنجا ساڵ زیاتر نەبێت. ئەگەر تەمەنی لە سەرووی (٥٠) پەنجا ساڵ بێت، ئەوا دەتوانێت بە شێوازی پارالێل پێشکەش بکات.
٤. بۆ خوازیارانی دانەمەزراو، ڕەچاوی میچ (سقف)ی تەمەن ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا.

**پێنجەم: ساڵانی خزمەت:**

١. بۆ خوازیارانی دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی) لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، مەرجی ساڵانی خزمەت بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێت.

٢. بۆ خوازیارانی دانەمەزراو لە یەکێک لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، بە بێ هەبوونی مەرجی ساڵانی دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی دوا بڕوانامە، ڕاستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش خوازیاران پێویستە بەڵێننامەی فەرمی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆکان پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دانەمەزراون، لە حاڵەتی پێشکەشکردنی زانیاری نادروست، قوتابی/خوێندکار ڕاستەخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی (ترقین قید)ی بۆ دەردەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیردرێتە بەر.

**شەشەم: سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن یان هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین:**

١. هاوڵاتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراق مافی پێشکەشکردنی هەیە بە سیستمی پاراڵێل بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە.

٢. وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان مافی هەیە سکۆلەرشیپ بە خوازیارانی نێودەوڵەتی بدات بۆ مەبەستی درێژەدانیان بە خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی سێیەم: ڕێکخستنی پێشبڕکێی وەرگرتن و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:**

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبڕکێی وەرگرتن لەسەر بنەمای تێکرای نمرەی (بەکالۆریۆس و تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و توانستی زمانی ئینگلیزی ئەگەر هەبوو) دەبێت و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن. بەم شێوەی خوارەوە:

أ. تێکڕای نمرەی (٥٠٪)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت.

ب. لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت، بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوەکە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت.

ج. ئەگەر لە کاتی پێشکەشکردن، خوازیار توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی خشتەی خوارەوە هەبوو، ئەوا خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت لە کاتی چوونە ناو پێشبڕکێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وەرگرتنی خاڵ بۆ پێشبرکێ | Pearson-Academic (PTE) | TOEFL-PBT | TOEFL-iBT | IELTS- Academic | تەواوکردنی ئاست (Level ) لە سەنتەری زمان |
|---|---|---|---|---|---|
| 0 خاڵ | 1-24 | 1-370 | 1-19 | 3 یان کەمتر | - |
| 3 خاڵ | 25-35 | 371-383 | 20-30 | 3.5 | Beginner |
| 6 خاڵ | 36-51 | 384-413 | 31-58 | 4 و 4.5 | Elementary |
| 12 خاڵ | 52-66 | 414-496 | 59-72 | 5 و 5.5 | Pre-intermediate |
| 15 خاڵ | 67 و زیاتر | 497 و زیاتر | 73 و زیاتر | 6 یان زیاتر | Intermediate |

٢. بۆ خوێندنی ماستەر، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبرکێی وەرگرتن لەسەر بنەمای تێکرای نمرەی (بەکالۆریۆس، و تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، و توانستی زمانی ئینگلیزی ئەگەر هەبوو) دەبێت و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی رێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن. بەم شێوەی خوارەوە:

أ. تێکڕای نمرەی (٦٠%)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالوریۆس لە کۆلێژە پزیشکیەکان کە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمترە هیچ خاڵ وەرناگرن.

هەروەها سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، رێژەی (٦٠٪)ی کۆنمرەی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و (٤٠٪)ی کۆنمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس کۆدەکرێنەوە و دەبێتە نمرەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر و لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر خوازیارێک دوای کۆکردنەوەی تێکرای کۆنمرەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر، تێکرای نمرەکەی (٦٠%) بوو، ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو بنەمایە پەیڕەو دەکرێت.

ب. لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت، بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی پێ دەدەرێت.

ج. ئەگەر لە کاتی پێشکەشکردن، خوازیار توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی خشتەی خوارەوە هەبوو، ئەوا خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت لە کاتی چوونە ناو پێشبرکێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وەرگرتنی خاڵ بۆ پێشبرکێ | Pearson-Academic (PTE) | TOEFL-PBT | TOEFL-iBT | IELTS- Academic | تەواوکردنی ئاست (Level) لە سەنتەری زمان |
|---|---|---|---|---|---|
| 0 خاڵ | 1-24 | 1-370 | 1-19 | 3 یان کەمتر | - |
| 3 خاڵ | 25-35 | 371-383 | 20-30 | 3.5 | Beginner |
| 6 خاڵ | 36-51 | 384-413 | 31-58 | 4 و 4.5 | Elementary |
| 12 خاڵ | 52-66 | 414-496 | 59-72 | 5 و 5.5 | Pre-intermediate |
| 15 خاڵ | 67 و زیاتر | 497 و زیاتر | 73 و زیاتر | 6 یان زیاتر | Intermediate |

٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبرکێی تێکرای لەسەر بنەمای تێکرای نمرەی (بەکالۆریۆس، و ماستەر، و تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، توانستی زمانی ئینگلیزی ئەگەر هەبوو، و توێژینەوە و داهێنانی زانستی، و پرۆسەی دڵنیایی جۆری جگە لە کورسیەکانی پارالێل) دەبێت و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی رێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن. بەم شێوەی خوارەوە:-

أ. تێکڕای نمرەی (٦٠%)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت. هەڵگرانی بروانامەی بەکالوریۆس لە کۆلێژە پزیشکیەکان کە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمترە هیچ خاڵ وەرناگرن.

ب. تێکڕای نمرەی ماستەری ئەکادیمی (٧٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ) ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵ وەردەگرێت.

ج. لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوەکە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی پێ دەدەرێت.

د. ئەگەر لە کاتی پێشکەشکردن، خوازیار توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی خشتەی خوارەوە هەبوو، ئەوا خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت لە کاتی چوونە ناو پێشبرکێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وەرگرتنی خاڵ بۆ پێشبرکێ | Pearson-Academic (PTE) | TOEFL-PBT | TOEFL-iBT | IELTS- Academic | تەواوکردنی ئاست (Level) لە سەنتەری زمان |
|---|---|---|---|---|---|
| 0 خاڵ | 1-24 | 1-370 | 1-19 | 3 یان کەمتر | - |
| 3 خاڵ | 25-35 | 371-383 | 20-30 | 3.5 | Beginner |
| 6 خاڵ | 36-51 | 384-413 | 31-58 | 4 و 4.5 | Elementary |
| 12 خاڵ | 52-66 | 414-496 | 59-72 | 5 و 5.5 | Pre-intermediate |
| 15 خاڵ | 67 و زیاتر | 497 و زیاتر | 73 و زیاتر | 6 یان زیاتر | Intermediate |

د. بۆ هەر توێژینەوەیەکی خاوەن ئیمپاکت فاکتەر (Impact Factor) لە لیستی (Clarivate Analytics) (١٠) دە خاڵ و بۆ توێژینەوەی خاوەن سکۆپەس (Scopus) (٧,٥) خاڵ و بۆ توێژینەوەی بڵاوکراوە لە گۆڤاری زانستی ناوخۆ (٥) پێنج خاڵ دەدرێت بە پێشکەشکار بە مەرجێک گۆڤارە نێودەوڵەتیەکان لە وێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت. هەروەها داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بە مەرجێك لە گۆڤارێکی زانستی بڕواپێکراو بڵاویکردبێتەوە (١٠) دە خاڵ وەردەگرێت. کۆی گشتی میچ (سەقف)ی وەرگرتنی خاڵ لە بڵاوکراوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بریتی دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج خاڵ بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێ.

هـ. پرۆسەی دڵنیایی جۆری (هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام) بۆ هەڵگرانی خاوەن نازناوی زانستی تەنها بۆ کورسیەکانی گشتی (جگە لە کورسیەکانی پارالێل)، بەم شێوەی خوارەوە بێت:-

– بەرزترین نمرەی بەدەستهاتوو لە یەکێک لە دوایین دوو ساڵی خوێندن لە هەگبەی مامۆستا دەبێتە پێوەر بۆ وەرگرتنی خاڵ، بۆ نمونە ئەگەر خوازیار (٤) چوار نمرەی لە هەگبەی مامۆستا هەبێت ئەوا (٤) چوار خاڵی پێ دەدرێت، سەبارەت بە نمرەکانی تر بە هەمان ئەو بنەمایە ئەژمار دەکرێت. هەروەها بەرزترین نمرەی بەدەستهاتوو لە یەکێک لە دوایین دوو ساڵی خوێندن لە زانستخوازی بەردەوام جارانی (٥%) سەدا پێنج دەکرێت بە شێوەی (النسبة والتناسب)، نمرە دابەشکراوەکە دەبێتە خاڵی وەرگرتن بۆ چوونە پێشبڕکێ و پۆینت ئەژمار دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر نمرەی (٨٠)ی لە زانستخوازی بەردەوام هەبوو ئەوا (٤) چوار خاڵی پێدەدرێت، سەبارەت بە نمرەکانی تر بە هەمان ئەو بنەمایە ئەژمار دەکرێت.

– ئەگەر خوازیار پرۆسەی دڵنیایی جۆری (هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام)ی نەبوو، ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ پێشبڕکێ.

**ماددەی چوارەم: مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا:**

١. بۆ کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (٥) پێنج هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا } یان { (٥) پێنج هەڵگری پلەی زانستی (مامۆستا) }ی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت، و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە بە پێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە میلاکی هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پرۆسەی وانەوتنەوە. لەم لایەنەوە پێویستە ئەو ستافە زانستییە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢. بۆ کردنەوەی خوێندنی ماستەر لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (٣) سێ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا کە دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای دکتۆرای} هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت، یاخود { (٢) دوو پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (٤) چوار هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا کە دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی

دوای دکتۆرای} هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان لە هەمان ئەو بەشە تەنسیبکراو بن یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە پرۆسەی خوێندنی باڵا هەبێت و بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە میلاکی هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پرۆسەی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن، لەم لایەنەوە پێویستە ئەو ستافە زانستییە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر و میچی سەرپەرشتیان بەپێی ڕێنماییەکان تێنەپەڕاندبێت.

٣. بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (١) یەک پرۆفیسۆر و (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر} یاخود { (٥) پێنج پرۆفیسۆری یاریدەدەر}ی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان لە هەمان ئەو بەشە تەنسیبکراو بن یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە پرۆسەی خوێندنی باڵا هەبێت و بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە میلاکی هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پرۆسەی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن. لەم بارەیەوە پێویستە ئەو ستافە زانستییە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر و میچی سەرپەرشتیان بەپێی ڕێنماییەکان تێنەپەڕاندبێت.

٤. ئەو زانکۆیانەی کە دەیانەوێت خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا لە هەر بەش و بوارێک بکەنەوە، مەرجە بەشەکە لە زانکۆکە هەبێت.

٥. بۆ کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر، پێویستە بەشەکە بە لایەنی کەم (٢) دوو خولی دەرچوونی بەکالۆریۆسی هەبێت. بۆ کردنەوەی خویندنی دکتۆرا، پێویستە بەشەکە بە لایەنی کەم (٢) دوو خولی دەرچوونی ماستەری هەبێت.

٦. سەبارەت بە پسپۆڕی کۆلێژە پزیشکییەکان، مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣) سەرەوە لەسەر ئاستی کۆلێژ ئەژمار دەکرێت.

٧. سەبارەت بە بەشە هاوشێوەکانی هەمان زانکۆ وەکو (کوردی و کوردی، ئینگلیزی و ئینگلیزی، کیمیا و کیمیا...هتد)، دەکرێت لە کاتی هەبوونی مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە، دەکرێت ستافی بەشەکان تێکەڵ بکرێن بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ستاف بۆ کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا لە هەردوو بەش بکرێتەوە و ستافی بەشەکان بەشێوەیەکی هاریکار بەشدار بن لە پرۆسەی خوێندندا.

٨. زانکۆکان دەتوانن پلانی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە پێشووتر خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرایان تێدا کراوەتەوە و ئێستاش مەرجی (١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە و پێداویستی بەردەوامیان تێدایە، واتە بە پێی بوونی مامۆستای پسپۆر بە پلەی زانستی پێویست و ڕێژەی ئەنجامدانی پلانی پێشتری خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا و بوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکەی خوێندن.

٩. سەبارەت بەو بەشانەی کە بۆ یەکەم جارە دەیانەوێت خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا بکەنەوە و مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥)ی سەرەوەیان تێدایە، دەتوانن پرۆپۆزەڵی کردنەوەی خوێندنەکە پێشکەش بە وەزارەت/فەرمانگە بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی.

١٠. لە کاتی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دەکرێت لە نێوان زانکۆکان و دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی هەماهەنگی بکرێت بۆ مەبەستی سوودوەرگرتن قوتابیان و خوێندکاران لە دەستەی ناوبراو، بەڵام خاوەنداریەتی و بەرپرسیاریەتی پێدانی بڕوانامە دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆی بنەڕەتی نەوەک دەستەی ناوبراو.

**ماددەی پێنجەم: پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا:**

١. ووردەکاری شێوازی خوێندنی سیمستەرەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بە ڕێنماییەکی پاشکۆ دەردەچێت.

٢. بڕوانامەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بەکاردێت بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی نمرە (تحسين معدل)ی بەکالۆریۆس تاوەکو دواتر پێشکەشکار بتوانێت پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکات کە ڕێژەی (٦٠%)ی کۆنمرەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و (٤٠%)ی کۆنمرەی بەکالۆریۆس کۆدەکرێتەوە و دەبێتە نمرەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر.

٣. لە کاتی پێدانی بەخشینی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە لایەن زانکۆکان، پێویستە بە ڕوونی لەسەر بڕوانامەکە ئاماژە بکرێت کە ئەم بڕوانامەیە ئەکادیمیە و بۆ مەبەستی ئەکادیمی و بەرزکردنەوەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس بەکاردێت بۆ پێشکەشکردنی خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٤. بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بۆ مەبەستی زانستی و ئەکادیمی بەکاردێت و ماف و ئیمتیازاتی دارایی و کارگێری لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکرێت.

٥. مەرجە قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان دا نمرەکەی لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو وەرزەکەدا تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٧٠٪) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە ڕاستەوخۆ بە پێی ڕێنماییەکان فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە لایەن زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٦. دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمی سیمستەری یەکەم، خولی دووەمی سیمستەری یەکەم بەڕێوەدەچێت، ئەگەر قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەمی سیمستەری یەکەم دەرنەچوو، ئەوا ڕاستەوخۆ سڕینەوەی ناو (ترقين قيد) بۆ دەردەچێت و مافی بەشداریکردنی چوونە نێو خولی یەکەمی سیمستەری دووەمی خوێندنی نابێت. هەروەها دوای تەواوبوونی خولی یەکەمی سیمستەری دووەم، خولی دووەمی سیمستەری دووەم بەڕێوەدەچێت و ئەگەر قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەمی سیمستەری دووەم دەرنەچوو، ئەوا ڕاستەوخۆ سڕینەوەی ناو (ترقين قيد) بۆ دەردەچێت و مافی بەشداریکردنی چوونە نێو ساڵی دووەمی خوێندن کە بریتییە لە نووسینی ماستەرنامە نابێت.

٧. تاقیکردنەوەی خولی دووەم تەنها لەسەر نمرەی (٥٠٪)ی تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆڕس ئەنجام دەدرێت و مەرجە تێکرای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە خوێندن لە لایەن زانکۆکان بۆ دەردەکرێت.

٨. دەکرێت لیژنەی زانستی بەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆلێژ هەر پێداویستیەکی دیکە لە ماوەی خوێندنەکە زیاد بکات بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ وەرگرتنی بڕوانامە کە لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنمایە نەهاتووە، بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

٩. ماوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بریتییە لە (١) یەک ساڵ، و ماوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی بریتییە لە (٢) دوو ساڵە، و ماوەی خوێندنی ماستەر بریتییە لە (٢) دوو ساڵ، و ماوەی خوێندنی دکتۆرا بریتییە لە (٣) سێ ساڵ.

١٠. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلێژە کە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە (کە دوایین درێژکردنەوەیە) بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی. بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقين القيد)ی لە خوێندن لە لایەن زانکۆوە بۆ دەردەچێت.

١١. بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلێژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە، پاشان لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە. دواتر و لە کاتی پێویستدا بە هەبوونی پاساوی ڕەوا و دڵنیاکەرەوە وەزیر دەسەڵاتی دەبێت بۆ درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری سێیەم بە بێ مووچە و دەرماڵەکان (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار ڕاستەوخۆ فەرمانی زانکۆیی سڕینەوەی ناو (ترقين القيد)ی لە خوێندن.

١٢. قوتابی/خوێندکاری ماستەری سەرجەم بوارەکانی (زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و زانستە پزیشکیەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی (١) یەك توێژینەوەی زانستی هەڵێنجراو لە ماستەرنامەکەی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی باوەڕپێکراو لە لایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت. سەبارەت بە گۆڤارە نیوەدەوڵەتیەکان مەرجە گۆڤارەکە لە وێبسایتی ڕیزبەندی هەرێمی زانکۆکانی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت.

١٣. پێویستە قوتابی/خوێندکاری دکتۆرای سەرجەم بوارەکانی (زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و زانستە پزیشکیەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات:-

أ. یەک توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی کە لە لیستی (Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابێت ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت بە مەرجێك گۆڤارەکە لە وێبسایتی ڕیزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت.

ب. یاخود دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی بە شێوەیەک کە (١) یەك توێژینەوەی زانستی لە لیستی (Scopus) ئیندێکس کرابێت بە مەرجێك گۆڤارەکە لە وێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت + (١) یەك توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت، و مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی پێدرا بێت و هەروەها مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی عێراق لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت.

١٤. قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی دکتۆرای بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا یەکێک لە مەرجەکانی برگەی (آ و ب)ی خاڵی (١٣)ی سەرەوە دەستەبەر بکات، یاخود (٢) دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت، و مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی پێدرا بێت و هەروەها مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی عێراق لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت.

١٥. دەکرێت لە ماوەی خوێندنی دکتۆرا، قوتابی/خوێندکار (٣) سێ تا (٦) شەش مانگ بچێتە دەرەوەی وڵات بەپێی ڕەزامەندییەکی فەرمی لە نێوان سەرپەرشتیار و زانکۆکەی دەرەوە، بە مەبەستی ئاشنابوون بە سیستەمی ئەو جۆرە خوێندنە و ئەنجامدانی بەشێک لە توێژینەوەکە و ئەنجامدانی ئەزموون وەرگرتن لە تاقیگەی زانستی و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی زانستی لەو زانکۆیە، لەم حاڵەتەدا چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا لە رووی لایەنی دارایی بەپێی سیستەمی (Sabbatical Leave) دەبێت بۆ ئەوانەی سەر بە دامودەزگاکانی وەزارەتن و چوونە دەرەوە بۆ سەرپەرشتیار لە رووی لایەنی دارایی بەپێی سیستەمی ( Sabbatical Leave) دەبێت بە مەرجێک لە مانگێک تێپەر نەکات و ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

أ. لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابی/خوێندکار پێویستی بە چوونە دەرەوە بۆ زانکۆی دەرەکی نەبوو، ئەوا سەرپەرشتیاریش پێویست ناکات بچێتە دەرەوەی وڵات.

ب. سەبارەت بە قوتابیان/خوێندکارانی دکتۆرا کە بە سیستمی پاراڵێل دەخوێنن، چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەوا تێکرای خەرجییەکە لەسەر خودی قوتابی/خوێندکار دەبێت.

**ماددەی شەشەم: حوکمە گشتییەکان:**

١. بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، مەرجە خوازیار پێشکەشی هەمان بەش بکات لەسەر بنەمای بەشی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی.

٢. بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجە بەکالۆریۆسی خوازیار و ئەو بەشەی کە دەیەوێت ماستەری لێبخوێنێت لە هەمان جۆر بن (النوع نفسه)، پێویستە خوازیار پێشکەشی هەمان بەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکات کە لەسەر بنەمای بەشی زانستی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی بەدەستهێناوە. بەڵام ئەگەر هاتوو پسپۆری هەردوو بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ئەو بەشەی کە خوازیار دەیەوێت ماستەری لێبخوێنێت لێکنزیکبن و لێکچوون هەبێت لە نێوانیان دا، ئەوا پێویستە بەراوردی زانستی (المقاصة العلمية) لە نێوان هەردوو بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە لایەن لیژنەی زانستی بەش ئەنجام بدرێت و دەستنیشانی پێداویستی خوازیار بە خوێندنی چەند

بابەتێک بکات. ئەگەر رێژەی بەراوردە زانستیەکە گەیشتە (٧٥٪) لە بابەتەکان نەوەک ناوەڕۆکی وانەکان، ئەوا خوازیار دەتوانێ داواکارییەکەی پێشکەش بکات. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەراوردی زانستی (المقاصة العلمية) لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن و پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام بدرێت. هەروەها پێویستە قوتابی/خوێندکار ئەو بابەتانەی کە لیژنەی زانستی بەش داوای کردووە وەربگرێت و تێیدا دەربچێت و نمرەی (٦٠%) کەمتر نەبێت بۆ هەر وانەیەک پێش دەستپێکردنی بە خوێندنی ماستەرەکەی.

٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجە پێشکەشکار بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس و ماستەری لە یەك بەشی زانستی بێت، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە. هەروەها پێویستە داواکارییەکەی پێشکەشی هەمان بەش و پسپۆری خوێندن بکات.

٤. ئەو کاندیدانەی بەپێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) و (خوێندن لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی) و (مۆڵەتی خوێندن) بۆ دەرەوەی وڵات نێردراون، خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقين القيد) کراون بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نابێت تاکو تێپەڕبوونی (٣) سێ ساڵ لە رێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سڕینەوەی ناویان.

٥. لە حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بۆ جاری سێیەم بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار هیچ شایستەیەکی دارایی بۆ خەرج ناکرێت و پێویستە تاوەکو تەواوبوونی ماوەکە بەردەوام بێت لە سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە یان تێزی قوتابی/خوێندکارەکە.

٦. لە حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بۆ ئەو خوازیارانەی کە بە شێوازی پارالێل وەرگیراون، پێویستە کرێی خوێندن بە (النسبة والتناسب) لەسەر بنەمای کرێی خوێندنی ساڵانە بۆ ئەو ماوەیەی درێژکردنەوەی خوێندن ئەنجام دەدات بە زانکۆکەی بدات.

٧. هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکراو وەرناگیرێت ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دواین رۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت و (یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا لە سەرۆکایەتی زانکۆ و راگری کۆلێژ و سەرۆکی بەش و بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ و لێژنەی ووردبینی کردن) بەرپرسیارن لە ووردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان هەیە، هەروەها وەزارەت/فەرمانگە مافی هەیە چاودێری و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن بکات و بەدواداچوون بکات.

٨. لە کاتی پرۆسەی پیشکەشکردن بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا، ئەگەر خوازیار فەرمانبەری هەمیشەیی بێت لە یەکێک لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێم و عێراق، ئەوا بەپێی ئەو مەرجانەی لە پەیڕەو و رێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان هاتووە، پێویستە نووسراوی لاری نەبوون پێشکەش بەو زانکۆیە بکات کە دەیەوێت داواکاری پێشکەش بکات.

٩. بۆ فەرمانبەرانی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق کە شایستەی مۆڵەتی خوێندن دەبن بە پێی یاسا و پەیرەو و ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، و مۆڵەتی خوێندنی ناوخۆ لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت، تەنها پێشکەشکارانی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر کە خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیین کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، ئەوا شێوازی مۆڵەتەکەیان بۆ خوێندنی دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (التفرغ الجزئي) دەبێت بە پێی بڕگەی (١٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨).

١٠. هەر فەرمانبەرێکی وەرگیراو لە خوێندنی باڵا، ئەگەر پێش دەستپێکردن بە خوێندن لە پێشبڕکێی مۆڵەتی خوێندن نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و مۆڵەتی خوێندنی بەدەست نەهێنا، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی زانکۆیی وەرگیرانەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

١١. پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دابێت ئەوا ڕاستەوخۆ سڕینەوەی ناوی لە خوێندن دەکرێت و هەموو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ.

١٢. خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە دەوامی بەیانیان دەبێت.

١٣. قوتابی/خوێندکار دەتوانێت بابەتە هاوشێوەکانی کۆرسەکانی ساڵی یەکەمی خوێندن بە شێوەی میوانداری بۆ هەمان بەشی هاوشێوە لە زانکۆیەکی دیکەی حکومی لە هەرێمی کوردستان بخوینێت بە مەرجی ڕەزامەندی هەردوو زانکۆ.

١٤. بە هیچ شێوەیەك ناکرێت قوتابی/خوێندکار خوێندنەکەی بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

١٥. ئەگەر لە بەشێك بە تەنها یەك قوتابی/خوێندکاری وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکات بە مەرجێک لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پرسیاری تاقیکردنەوە و هەڵچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام زانکۆکان سەرپشکن لە کردنەوەی یان نەکردنەوەی خوێندن بۆ تەنها یەک قوتابی/خوێندکار.

١٦. بە هیچ شێوەیەک یەدەگ (إحتياط) لە خوێندنی باڵا بوونی نییە، بەڵکو تەنها وەرگیراو بەپێی ژمارەی کورسیەکان بوونی هەیە.

١٧. پاڵپشت بە پەیرەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پلەیەدان، ناتوانن پێشکەشی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

١٨. قوتابی/خوێندکار لە کاتی هەبوونی بارودۆخی لەناکاو و لە توانابەدەر (الظرف الطارئ والقوة القاهرة) بە پێی دۆکیومێنتی فەرمی سەلمێندراو، دەتوانێت داوای دواخستنی خوێندن تەنها بۆ ماوەی تەنها (١) یەک ساڵ بکات بەر لە دەستپێکردنی بە پرۆسەی خوێندن و پێویستە داواکارییەکەی لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆ پەسەند بکرێت، لێرەدا قوتابی/خوێندکار ناتوانێت لە ماوەی پرۆسەی خوێندن داوای دواخستنی خوێندن یان هەڵپەساردنی خوێندن بکات. بە پێچەوانەوە فەرمانی وەرگرتنی لە خوێندن هەڵدەوەشیتەوە.

١٩. لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن خوازیار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان، ڕاستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی بۆ دەکرێت لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆکان و ڕێکاری یاسایی بەرامبەری وەردەگیردرێت، هەروەها مافی پێشکەشکردنی نابێت تاکو تێپەڕبوونی (٢) دوو ساڵ بەسەر ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سڕینەوەی ناو و دوای ئەو ماوەیەش پێویستە لەسەرەتاوە بە پێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە پێشکەشی خوێندنی باڵا بکاتەوە، نەوەک لەو قوناغەوە دەست بە خوێندن بکات کە سڕینەوەی ناوی بۆ کراوە.

٢٠. هەڵگرانی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی کلینیکی پیشەیی ناتوانن بە بێ بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەشی خوێندنی دکتۆرا بکەن.

٢١. مەرجە خوازیار دەرچووی زانکۆیەکی ناوخۆیی یان دەرەکی دانپێدانراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان بێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر خوازیار بڕوانامەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێنابێت، پێویستە بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەی لە وەزارەت بۆ ئەنجام درابێت. بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە.

٢٢. مەرجەکانی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی لە کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، هەمان مەرجەکانی پێشکەشکردن و وەرگرتنی خوێندنی ماستەر دەبێت، جگە لە مەرجی خزمەتی نیشتەجێی دێرین کە لە لایەن زانکۆوە دەست نیشان دەکرێت.

**ماددەی حەوتەم: پلان و ژمارەی کورسیەکان:**

**یەکەم**: وەزارەت لە ڕێگەی فەرمانگەوە داوای پلان خوێندنی باڵا لە زانکۆکان دەکات. زانکۆش هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلان و دیاری کردنی ژمارەی کورسیەکان بەپێی ئەم ڕێنماییە و بە ڕەچاوکردنی میچ و مەرجی سەرپەرشتیاری ستافی وانەوتنەوە بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکان و هەروەها هەبوونی ستافی میلاکی ئەکادیمی و ژێرخانی ئەندازەیی و کارگێری و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی زانستی و پێداویستی ڕاستەقینەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پلانی خوێندن و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت و دواتر لە لایەن وەزارەت/فەرمانگە پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەندەکرێت.

**دووەم**: سەرجەم کورسیەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە شێوەی پاراڵێل دەبێت.

**سێیەم**: کورسیەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:

١. کورسیە گشتییەکان بە خۆڕایی دەبێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. ژمارەیەك لە کورسیە گشتییەکان بۆ (دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا) تەرخان دەکرێت، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی میلاکی هەمیشەیی گشت زانکۆکانی کوردستان و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆیان هەیە پێشبڕکێ لە نێوان خۆیان لەسەر کورسیەکان بکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکان بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

ب. ژمارەیەك لە کورسیە گشتییەکان بۆ (کەرتی گشتی و فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەتەی هەرێم) تەرخان دەکرێت، کە هەموو پێشکەشکارێکی دامەزراوی هەمیشەیی (جگە لە فەرمانبەران و مامۆستایانی میلاکی زانکۆ حکومیەکان و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) مافیان هەیە پێشکەشی ئەم کورسیانە بکەن و لە نێوان خۆیان پێشبرکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکان بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

٢. کورسیەکانی پاراڵێل: ژمارەیەك لە کورسیەکان بەشێوەی پاراڵێل بۆ گشت پێشکەشکاران تەرخان دەکرێت و ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون یان دامەزراون لە دامودەزگاکانی حکومەت، مافیان هەیە پێشکەشی کورسیەکانی پاراڵێل بکەن. هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکانی پاراڵێل بەشێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

٣. لە پیناو خەبات و تێکۆشانی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، کەس و کاری پلە (١) یەک وەکو (کچ، و کوڕ، و هاوسەر)ی شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدی هەرێمی کوردستان لە کاتی پێشکەشکردن و هێنانی نووسراوی پشتگیری بە نووسراوی فەرمی و بە واژووی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کورسی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە دەرەوەی پلانی پەسەندکراو بۆ تەرخان دەکرێت و بە بێ پێشبرکێ وەردەگیرێن، بە مەرجێک خوازیار گشت مەرجەکانی پێشکەشکردنی هاتوو لەم ڕێنماییەی تێدا بێت و لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکە توانای وەرگرتنی لە رووی ستاف و سەرپەرشتیاری بە پێی ڕێنماییەکان هەبوو ئەوا ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشەکە توانای وەرگرتنی نەبوو بە هۆی کەمی ستاف و سەرپەرشتیار بە پێی ڕێنماییەکان، ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن کە خوێندنی بۆ دەردەکات. سەبارەت بە لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.

٤. لە حاڵەتێک کورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەکانی کورسی خوێندنی باڵا، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ئەو کورسیانە پڕ ناکرێنەوە.

٥. هیچ زانکۆیەک بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکاتە سەرباری پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە، بە پێچەوانەوە خۆیان بەرپرسیار دەبن لە ڕووی یاساییەوە.

٦. کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت، بەڵکو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر کورسیەکانی گشتی و کورسیەکانی پاراڵێل بەپێی ناوەڕۆکی هەردوو بڕگەی (١ و ٢) لەم ماددەیە پێشکەش بکەن.

٧. پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی هەڵبژێرێت و نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی بکات.

٨. ناونیشان و پرۆپۆزەڵێکی سەرەتایی بۆ خوێندنی دکتۆرا لە لایەن هەر مامۆستایەک کە بەپێی ڕێنمایە پەیوەندیدارەکان مەرجی سەرپەرشتیکردنیان تێدایە پێشکەش بە بەشی زانستی بکرێت، هەروەها پێویستە پرۆپۆزەلەکان لەسەر بنەمای بابەتی زانستیی نوێ و دووبارەنەکراو و پێویستی دامودەزگاکانی حکومەت و بازاڕی کار و ڕەنگدانەوەی کێشە و گیروگرفتەکانی سەردەم لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و زیاتر خزمەت کردن بە ڕەوتی زانست لە کوردستان بە ئامانجی بەستنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر. پاشان پێویستە پرۆپۆزەڵەکان لە لایەن لیژنەی زانستی بەش هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و پەسەند بکرێت و دواتر لە کاتی ناردنی پلانی زانکۆکان وێنەیەکی پرۆپۆزەڵەکان ڕەوانەی وەزارەت دەکرێت.

**ماددەی هەشتەم: لایەنی دارایی خوێندن**

**١.** بۆ ئەو خوازیارانەی کە لەسەر کورسیە گشتییەکان وەردەگیردرێن و بە خۆرایی دەخوێنن، ئەوا گشت تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنەکەی کردووەتەوە.

**٢.** ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسی پاراڵێل وەردەگیرێن، تەواوی تێچووی خوێندن وەکو کرێی ساڵانەی خویندن و بەکارهێنانی مەوادی تاقیگە لە ئەستۆی خۆیان دەبێت. بۆیە پێویستە خوازیار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕ بکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکەی لە ئەستۆ بگرێت.

**٣.** کرێی خوێندن بەشێوەی پاراڵێل لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پێشنیار دەکرێت و لە لایەن وەزارەت/فەرمانگە بە هەماهەنگی فەرمانگەی کارگێری و دارایی پەسەند دەکرێت.

**ماددەی نۆیەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشووتر لەبارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت و ئەو قوتابی/خویندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئیستادا بەردەوامن لە خویندن، ئەوا بەپێی ڕێنماییەکانی پێشوو بەردەوام دەبن لە خوێندن.

**ماددەی دەیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

## هۆیەکانی دەرچوون

بە مەبەستی ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شیوازی پێشبڕکێ بە مەبەستی بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە خوێندنی باڵا و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندێتی و چۆنیەتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، و دروستکردنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ خوازیاران، و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەدیهێنانی هەردوو لێهاتوویی (وانەبێژیی و توێژەریی) بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و حکومەت و کەرتی تایبەت، و بەستنەوەی خوێندنی باڵا بە پێداویستی دامودەزگا حکومی و تایبەتەکان و بازاری کاری کوردستان و بەشداری لە پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنمایە دەرچووێندرا.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕیزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە خولاو .

ژمارە: ١٥٣٧٦
ڕێکەوت: ١٥ / ٨ / ٢٠٢٣ ی زایینی
٢٤ / ٥ / ٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٣

پاڵپشت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و (ماددەی پێنجەم/١) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٦٩٧٥) لە (٢٠٢٣/٦/٦)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٣)

## ڕێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

### ماددەی یەکەم / ناوەڕۆکی کۆرسە ئەکادیمییەکان بۆ سیمستەری یەکەم و دووەم:

لە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی (ECTS Credit 60) بۆ هەردوو سیمستەرەکە تەرخان دەکرێت، بە شێوەیەک کە هەر سیمستەرێک (ECTS 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت و ناوەڕۆکی هەر سیمستەرێک بەم شیوەیەی خوارەوە دەبێت:

١. خوێندنی (٥) پێنج بابەتی پسپۆڕی سەرەکی (Core Module) بە لایەنی کەم، کە پێویستە سەرجەم بابەتەکان پەیوەندیدار بێت بە پسپۆڕی خوێندنی بەکالۆریۆسی بەشەکە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن لە بەکالۆریۆس دەخوێندرێن، واتە نابێت بابەتە پسپۆڕییەکان بریتی بێت لە بابەتە داواکراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەک (کوردۆلۆجی، زمانی ئینگلیزی، کۆمپیوتەر، گفتوگۆی ئەکادیمی، جێندەرناسی، میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی، ...هتد).

٢. ناوی بابەتە پسپۆڕییەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی بەش) و (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەند بکرێت.

٣. ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر-Final Exam).

٤. بۆ هەر بابەتێک پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی ( Contact hours-face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٥. کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hours learning) دەبێت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان/خوێندکاران.

٦. پێشکەشکردنی بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە و نووسینی (١) یەک ڕاپۆرتی زانستی و ئەنجامدانی (١) یەک کویز (Quiz) و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی میدتێرم و...هتد لە لایەن

سەرجەم قوتابی/خوێندکارەکان بۆ هەر بابەتێک لە ماوەی سیمستەری یەکەم و دووەم کە لە لایەن مامۆستای بابەت ناونیشانەکانی سیمینار و راپۆرتی زانستی دەست نیشان دەکرێت، هەروەها مامۆستای بابەت سەرپشکە داوا لە قوتابی/خوێندکار بکات کە (پریزێنتەیشن) لەسەر راپۆرتە زانستیەکەی پێشکەش بکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی.

٧. لە (٥٠٪)ی نمرەی هەر بابەتێک، لەسەر تاقیکردنەوەی میدتێرم و چالاکیە زانستیەکانی قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە دەبێت کە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) چۆنیەتی دابەشکردنی نمرەکان دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت بە پێی تایبەتمەندی بابەتەکە شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ هەر بابەتێک بە پێی خشتەی خوارەوە دەبێت، هەروەها لە (٥٠٪)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێک لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) دەبێت.

٨. پێویستە دوو (بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course) لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دەست نیشان بکرێت و لە لایەن قوتابی/خوێندکار بە ئارەزووی خۆی یەکێک لەو دوو بابەتە هەڵدەبژێرێت و دەخوێنێت.

٩. پێویستە لە ماوەی هەر سیمستەرێکدا سەرجەم رێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکرێت.

١٠. مامۆستای بابەت، پێویستە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆرا) یان هەڵگری نازناوی زانستی (مامۆستا) بێت و نابێت هەر مامۆستایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە بۆ هەر سیمستەرێک.

١١. بەردەوامیدان بە پەرەپێدانی تاکەکەسی قوتابی/خوێندکار بۆ دەستەبەرکردنی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی ناوەرۆکی رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پەیوەندیداری خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

١٢. پێویستە (قوتابی/ خوێندکار) پابەند بێت بە رێژەی ئامادەبوون لە وانەکان، بە پێچەوانەوە لە کاتی تێپەراندنی رێژەی (١٠٪)ی بە بێ هۆکار و رێژەی (١٥٪) بە پاساوی رەوا بۆ هەر بابەتێک، ئەوا سڕینەوەی ناوی (ترقین قید)ی بۆ دەکرێت لە خوێندن.

**شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ هەر بابەتێک لە سیسمتەری یەکەم و دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) | نووسینی راپۆرتی زانستی | ئەنجامدانی کویز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠٪نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | | |

## خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیت بۆ هەر سیمستەرێک

| هەر سیمستەرێک، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS Credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری بەشێوەی ڕوبەروو (Contact hours-face to face class) لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours face to face) کارکردن لە هەفتەیەکدا |
| ١ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | ئامادەکردنی (١) یەک سیمینار بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و نووسینی (١) یەک ڕاپۆرتی زانستی و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەی میدتێرم و تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر و پێداچوونەوە بە بابەتە خوێندراوەکان و ..هتد لە لایەن سەرجەم قوتابی/خوێندکارەکان بۆ هەر بابەتێک |
| ٢ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی سەرەکی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| | بابەتی سەرەکی پسپۆری هەڵبژاردە Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | | |
| | **کۆی گشتی** | **٣٠ (ECTS Credit)** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر** |

## نمونەی خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS credit):

١. ژمارەی کرێدیت (ECTS Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەر سیمستەرێک، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS Credit ) | | |
|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک (٥٠) کاتژمێر | | |
| کۆی کاتژمێرەکانی سیمستەرێک (٧٥٠) کاتژمێر | کۆی کرێدیت (ECTS Credit) بۆ هەر سیمستەرێک (٣٠) کرێدیت | |
| (١٢- ١٥ + ٣٨- ٣٥ = ٥٠) کاتژمێر | (٥٠ × ١٥= ٧٥٠) کاتژمێر | ٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) کرێدیت |

| کاتژمێری وانەکانی تیۆری ڕووبەروو (محاضرات) (Contact hours - face to face class) (Hours/Week) | کاتژمێری (Workload) بە شێوەی (Non-contact hour learning) بۆ ئامادەکردنی سیمینار و پرێزنتەیشن و نووسینی ڕاپۆرتی زانستی و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر و Assignment و ...هتد (Hours/Week) | کۆی گشتی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک | ژمارەی هەفتەکانی هەر سیمستەرێک (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی) | کۆی ژمارەی کاتژمێرەکانی هەر سیمستەرێک | ژمارەی کاتژمێر پێویست بۆ هەر کرێدیت (ECTC Credit) |
|---|---|---|---|---|---|
| (١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٣٥-٣٨) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٥٠) کاتژمێر | (١٤) هەفتەی کرداری | (٧٥٠) کاتژمێر | ECTC credit (١) = (٢٥) کاتژمێر |

**٢.** ژمارەی کرێدیت (ECTS Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو سیمستەری خوێندن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی (ECTS Credit)کانی هەردوو سیمستەری خوێندن | |
|---|---|
| سیمستەری یەکەم | سیمستەری دووەم |
| (30) کرێدیت (ECTS Credit) | (30) کرێدیت (ECTS Credit) |
| 30 + 30 = (60) کرێدیت (ECTS Credit) | |

**ماددەی دووەم:** قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی ئەگەر پێویست بوو، بۆی هەیە بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پەیوەندیدار بە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن ئەنجام بدات بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ئاماژەپێکراوی سەرەوە، بەڵام لە کاتی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن هیچ کرێدیت (ECTS credit) بۆ خوێندنەکە زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری بەسەر نایەت.

**ماددەی سێیەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت و ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە درێژەدان بە خوێندن، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی چوارەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوون

بە مەبەستی ڕێکخستنی شێوازی کۆڕسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند.

Ministry of Higher Education and Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی/ لەگەڵ ریزدا.
- نووسینگەی بەڕێز راوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەرابیەکان.
- دەرکردە خولاو .

ژمارە: ١٥٣٧٣
ڕێکەوت: ١٥/ ٨ / ٢٠٢٣ ی زایینی
٢٤ / ٥ / ٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٣

پاڵپشت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەمواركراو، و (ماددەی پێنجەم/١) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، و كۆنووسی كۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٦٩٧٥) لە (٢٠٢٣/٦/٦)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٣)

## ڕێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) لە کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم/** لە خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) (ECTS 120) بۆ هەردوو ساڵەکە تەرخان دەکرێت، بە شێوەیەک کە (ECTS 60)ی بۆ هەردوو سیمستەری ساڵی یەکەم دەبێت، هەروەها (ECTS 60)ی بۆ هەردوو سیمستەری ساڵی دووەم دەبێت، هەر سیمستەرێک (ECTS 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەک: ساڵی یەکەم/ سیمستەری یەکەم:**

١. خوێندنی (٥) پێنج بابەت بە لایەنی کەم لە ماوەی سیمستەری یەکەم کە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی کۆلێژ/سکوڵ) پەسەند بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. خوێندنی (٣) سێ بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) بە لایەنی کەم، کە (١) یەک لە بابەتەکان پێویستە لە پسپۆرییە تایبەتەکەی خودی قوتابی/ خوێندکار بێت و (٢) دوو بابەتەکەی تر پەیوەندیدار بێت بە خوێندنەکەی.

ب. خوێندنی (١) یەك بابەتی کلینیکی کە نابێت لە (ECTS 8) کەمتر بێت و لە لایەن لیژنەی زانستی بەش بڕیار دەدرێت لەسەر شێوازی کارکردنی قوتابی/خوێندکارەکە و بینینی ژمارەیەکی دیاریکراوی نەخۆش و هەر کارێکی دیکە کە پێویست بێت بۆ پسپۆرییەکە.

ت. خوێندنی (١) یەك بابەتی گشتی (General Module)ی وەک (Advanced Research Methodology) یان (Biostatistics) بۆ خوێندنی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئامار و نووسینی توێژینەوەی زانستی و دەستپاکی ئەکادیمی و بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی و مافە بنەرەتیەکانی نەخۆش لە ڕێگەی سۆفتوێرەکانی (EndNote) و (BibTex) و (Mendeley) و (Zotero) و (Plagiarsim checker) و فێربوونی (Presentation)...هتد.

٢. ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).

٣. بۆ هەر بابەتێک پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری رووبەڕوو بە شێوەی (Contact hour- face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا، جگە لە بابەتی کلینیکی کە پێویستە (٤ بۆ ٨) کاتژمێری تیۆری رووبەڕوو بە شێوەی (Contact - face to face class hour) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٤. کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) دەبێت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان و خوێندکاران.

٥. پێویستە بۆ هەر بابەتێك (جگە لە بابەتی کلینیکی)، قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیە داواکراوەکان لە قوتابی/خوێندکارەکە زیاتر بکات بەپێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.

٦. لە (٥٠%)ی نمرەی گشت بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتە گشتیەکان (جگە لە بابەتی کلینیکی)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و هەر هەڵسەنگاندنێکی دیکە دەبێت. کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی کۆلێژ/سکوڵ) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکە لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final exam) دەبێت.

٧. لە (٦٠٪) نمرەی بابەتی کلینیکی لەسەر شێوازی کارکردنی قوتابی/خوێندکار و بینینی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە داوای لێ دەکرێت سەرباری هەڵسوکەوتی لە کلینیکدا، کە لە کۆتایی سیمستەرەکەدا لەسەر نامیلکەی تۆمارکردن (Logbook)ی کارکردنەکەی پێشکەش بە بەشەکەی دەکات لەگەڵ هەموو بەڵگەنامەکانی کارکردنی لەسەر نەخۆش وەک کەیس شیت، تیشکی X، وێنە...هتد، هەروەها لە (٤٠٪) دیکەی نمرەکە لەسەر تاقیکردنەوەی پراکتیکی دەبێت کە دەکرێت بە شێوازی (OSCE) یان زارەکی یاخود پراکتیکی یان هەر شێوازێکی دیکە دەبێت کە بگونجێت لەگەڵ پسپۆری قوتابی/خوێندکارەکەدا. بە مەرجێک قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) بەشدار بێت.

٨. پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکرێت.

٩. مامۆستای بابەتەکان، پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە مەرجی نازناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر) بێت کە پێشینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانستی بەرزتر دەبێت، لە کاتی نەبوونی دەکرێت هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای خاوەن نازناوی زانستی (مامۆستا) بە مەرجێک (١) یەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت وانە بڵێتەوە و نابێت هەر مامۆستایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە. سەبارەت بە بابەتی کلینیکی، دەکرێت هەڵگرانی ناونیشانی (ڕاوێژکاری) لە پسپۆرییەکە وانە بڵێنەوە.

Ministry of Higher Education & Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکرد


## دوو: شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە لە (ساڵی یەکەم/سیمستەری یەکەم) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

### ١. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتە گشتیەکان:

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm) exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | %٢٠ | | ٥٠٪ نمرە | ١٠٠٪ نمرە |
| | ٥٠٪نمرە | | | | |

### ٢. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتی کلینیکی:

| پێوەری هەڵسەنگاندن | بەشداریکردنی کلینیکی بە پێی ئەو ستاندەرەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە | تاقیکردنەوەی شێوازی OSCE، یان زارەکی، یاخود پراکتیکی یان هەر کارێکی دیکە کە بۆی دیاری دەکرێت | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|
| نمرە | ٪٦٠ | ٪٤٠ | ٪١٠٠ |

أ. دانانی ٦٠٪ نمرە بەم شێوەیەی لە برگەی (ب) هاتووە، پشت دەبەستێت بە هێنانی نامیلکەی تۆمارکردنی (Logbook) (نمونەی نامیلکەکە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییە هاتووە) قوتابی/خوێندکار کە لە کۆتایی سیمستەرەکە دەبێت پێشکەش بە بەشی بکات لەگەڵ هەموو بەڵگەنامەکانی بینینی نەخۆش:

ب. ڕیزبەندی هەڵسەنگاندن:

ڕیزبەندی هەڵسەنگاندن بەپێی ئەو ستانداردە بێت کە لەخواراوە دارێژراوە بۆ قۆناغی ڕاهێنانی قوتابی/خوێندکار:

| پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابی/ خوێندکار | ئاستی ١ | ئاستی ٢ | ئاستی ٣ | ئاستی ٤ | ئاستی ٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەڵگرتنی تۆمارە پزیشکییەکانی نەخۆش | | | | | |
| هەڵسەنگاندنی کلینیکی و بڕیاردانی | | | | | |
| کارامەیی دەستنیشانکردن و بنەمای زانیاری بنەڕەتی | | | | | |
| پلانی بەڕێوەبردن و بەدواداچوون | | | | | |
| توانای پەیوەندیکردن و کارکردن بە تیم | | | | | |
| کارامەیی سەرکردایەتی | | | | | |
| ڕەنگدانەوەی پراکتیکی ئەوەی لە تیۆریدا فێری بووە | | | | | |
| **هەڵسەنگاندنی کۆتایی** | | | | | |

Ministry of Higher Education and Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

ت. کۆتا هەڵسەنگاندنی لێهاتووی قوتابی/خوێندکار بە نمرە:

| ئاست | ماناکەی | نمرە |
|---|---|---|
| ئاستی ١ | مامناوەند | ٦٠-٦٩ |
| ئاستی ٢ | باش | ٧٠-٧٩ |
| ئاستی ٣ | زۆرباش | ٨٠-٨٩ |
| ئاستی ٤ | نایاب | ٩٠-١٠٠ |

**٣. خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیتی (ساڵی یەکەم/سیمستەری یەکەم)**

| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی ( Contact hours- face to face class) کارکردن لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) کارکردن لە هەفتەیەکدا |
|---|---|---|---|---|
| سیمستەری یەکەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی | | | | |
| ١ | Advanced Research Methodology or Biostatistics | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | بۆ ئامادەکردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پرێزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و کارکردن لە کلینیک و هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتە گشتیەکان و بابەتی کلینیکی...هتد |
| ٢ | بابەتی پسپۆری تایبەتی خودی قوتابی/خوێندکار | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی کلینیکی | لە لایەن لیژنەی زانستی دیاری دەکرێت و لە ECTS credit 8 کەمتر نەبێت | ( ٤ تا ٨) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| | **کۆی گشتی** | **30 (ECTS credit )** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر** |

**سێ: ساڵی یەکەم/ سیمستەری دووەم:**

١. خوێندنی بە لایەنی کەم (٥) پێنج بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) لە ماوەی سیمستەری دووەم کە پەیوەندیدارە بە خوێندنەکەوە و لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی کۆلێژ/سکوڵ) پەسەند بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ. مەرجە بە لایەنی کەم (٣) سێ بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) بێت و پەیوەندیدار بن بە خودی خوێندنەکەوە.

ب. خوێندنی (١) یەك بابەتی کلینکی کە نابێت لە (ECTS 8) کەمتر بێت و لە لایەن لیژنەی زانستی بەش بڕیار دەدرێت لەسەر شێوازی کارکردنی قوتابی/خوێندکار و بینینی ژمارەیەکی دیاریکراوی نەخۆش و هەر کارێکی دیکە کە پێویست بێت بۆ پسپۆرییەکە.

ت. خوێندنی بابەتی (Clinical Debate).

٢. ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).

٣. بۆ هەر بابەتێک پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (Contact hour- face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا، جگە لە بابەتی کلینیکی کە پێویستە (٤ بۆ ٨) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (Contact - face to face class hour) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٤. کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) دەبێت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان/خوێندکاران.

٥. پێویستە بۆ هەر بابەتێک (جگە لە بابەتی کلینیکی)، قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیەکان لە قوتابی/خوێندکار زیاتر داوا بکات بە پێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.

٦. لە (٥٠%)ی نمرەی گشت بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (جگە لە بابەتی کلینیکی)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و هەر هەڵسەنگاندنێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی کۆلێژ/سکوڵ) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکە لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم (Final exam) دەبێت.

٧. لە (٦٠٪) نمرەی بابەتی کلینیکی لەسەر شێوازی کارکردنی قوتابی/خوێندکار و بینینی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە داوای لێ دەکرێت و هەروەها هەڵسوکەوتی لە کلینیکدا دەبێت کە ئەمەش لە کۆتایی سیمستەرەکەدا لەسەر نامیلکەی تۆمارکردن (Logbook) کارکردنەکەی پێشکەش بە بەشەکەی دەکات لەگەڵ هەموو بەڵگەنامەکانی کارکردنی لەسەر نەخۆش وەک کەیس شیت، تیشکی X، وێنە...هتد، هەروەها لە (٤٠٪) دیکەی نمرەکە لەسەر تاقیکردنەوەی پراکتیکی دەبێت کە دەکرێت بە شێوازی OSCE یان

زارەکی یاخود پراکتیکی یان هەر شێوازێکی دیکە دەبێت کە بگونجێت لەگەڵ پسپۆڕی قوتابی/ خوێندکار. بە مەرجێک قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر بەشدار بێت.

٨. نمرەی بابەتی کلینیکی بە هەمان میکانیزمی هەڵسەنگاندنی سیمستەری یەکەم دەبێت.

٩. پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکرێت.

١٠. مامۆستای بابەت، پێویستە هەڵگری نازناوی زانستی (مامۆستا و پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بێت کە پێشینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانستی بەرز دەبێت، بۆ نازناوی زانستی (مامۆستا) هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، پێویستە (١) یەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت و نابێت هەر مامۆستایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە بۆ هەر سیمستەرێک. سەبارەت بە بابەتی کلینیکی، دەکرێت هەڵگرانی ناونیشانی (ڕاوێژکار)ی لە پسپۆڕییەکە وانە بڵێنەوە.

**چوار: شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە لە (ساڵی یەکەم/سیمستەری دووەم) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

**١. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆڕییەکان) (جگە لە بابەتی کلینیکی و بابەتی Clinical Debate )**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm) exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | | |
| | ٥٠٪ نمرە | | | ٥٠٪ نمرە | ١٠٠٪ نمرە |

**٢. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتی (Clinical Debate):**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Comperhensive Exam) کە لە لایەن لیژنەیەک لە (٣) سێ مامۆستا هەڵسەنگاندن ی بۆ دەکرێت | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | |
| | ٦٠٪ | | ٤٠٪ نمرە | ١٠٠٪ نمرە |

**٣. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتی کلینیکی*:**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | بەشداریکردنی کلینیکی بە پێی ئەو ستاندەرەی کە لە سیمستەری یەکەم ئاماژەی پێدراوە | تاقیکردنەوەی شێوازی OSCE، یان زارەکی، یاخود پراکتیکی یان هەر کارێکی دیکە کە بۆی دیاری دەکرێت | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|
| نمرە | ٦٠٪ | ٤٠٪ | ١٠٠٪ |

* سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی نمرەی بابەتی کلینیکی بە هەمان شێوە و میکانیزمی سیمستەری یەکەم دەبێت.

٤. خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیتی (ساڵی یەکەم/سیمستەری دووەم)

| سیمستەری دووەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە پێ تاقیکردنەوەی کۆتایی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (Contact hours- face to face class) کارکردن لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) کارکردن لە هەفتەیەکدا |
| ١ | بابەتی پسپۆری یەکەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | بۆ ئامادەکردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و کارکردن لە کلینیک و هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتی کلینیکی. |
| ٢ | بابەتی پسپۆری دووەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی پسپۆری سێیەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی پسپۆری چوارەم (Clinical Debate) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی پسپۆری پێنجەم (بابەتی کلینیکی) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت و لە ECTS credit 8 کەمتر نەبێت | ( ٤ تا ٨) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| | **کۆی گشتی** | **( ECTS credit) 30** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر** |

## ماددەی دووەم: ساڵی دووەم

### یەک/سیمستەری یەکەم: پرۆسەی دەستکردن بە نووسینی توێژینەوە و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی گشتگیر (Comprehensive Final Exam) و کارکردن لە کلینیک:-

١. ڕاستەوخۆ دوای دەرچوونی قوتابی/خوێندکار لە سیمستەری دووەمی ساڵی یەکەم، پێویستە قوتابی/خوێندکار پرۆپۆزەڵێکی توێژینەوەی سەرەتایی بە هەماهەنگی مامۆستایەک کە مافی سەرپەشتیاری لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان هەبێت ئامادە دەکات و پێویستە پرۆپۆزەڵەکە لەسەر بنەمای پێویستی کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و ڕەنگدانەوەی کێشە و گیروگرفتەکانی سەردەم لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و زیاتر خزمەت کردن بە ڕەوتی زانستی پزیشکی لە کوردستان بە ئامانجی بەستنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر و ...هتد، پاشان پێشکەشی سەرۆکایەتی بەش بکات و پێویستە پرۆپۆزەڵەکە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) پەسەند بکرێت. ئەم پرۆسەیە پێویستە لە ماوەی (٢) دوو مانگ ئەنجام بدرێت و مەرجە توێژینەوەکە یەکێک لەم شێوازانەی خوارەوە بێت:

أ. کەیسی خوێندن Case Study.

ب. ڕاپرسی Questionnare.

ت. ئارتیکڵی ڕەسەن Original Article.

٢. لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت لەسەر ئاستی هەر کۆلێژێک بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێک بە جیا پێکدەهێنرێت و پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە بە هەماهەنگی و ئامادەبوونی سەرپەرشتیار سیمینارێکی زانستی پێشکەش بە لیژنەکە بکات بە مەبەستی چەسپاندن و هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵی توێژینەوە. ئەگەر لیژنەکە تێبینی و سەرنجی هەبوو ئەوا مافی پێشنیازی بە پێداچوونەوەی پرۆپۆزەڵە پێشکەشکراوەکە هەیە و پاشان لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند دەکرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر لیژنەکە بە پێویستی زانی پرۆپۆزەڵەکە بە تەواوی بگۆردرێت کە ئەمیش بە هۆکار و پاساوی ڕەوای زانستی، ئەوا پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیار پرۆپۆزەڵێکی دیکە پێشکەش بە (لیژنەی زانستی بەش) بکات لە ماوەی (٢) دوو هەفتەدا، لە حاڵەتی پەسەندکردنی ئەوا پرۆپۆزڵەکە پێشکەش بە لیژنە پسپۆرییەکە دەکات و دواتر سیمیناری زانستی بۆ بکرێت و لە لایەن خودی لیژنە پسپۆرییەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە مەبەستی پەسەندکردنی و پاشان لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند بکرێت.

٣. دواتر فەرمانی کارگێری چەسپاندنی پرۆپۆزەڵ بۆ قوتابی/خوێندکار لە لایەن راگرایەتی کۆلێژ/سکوڵ دەردەکرێت.

٤. سیمستەری یەکەمی (ساڵی دووەم)ی خوێندن، بریتی دەبێت لە زیاتر ئاشنابوونی قوتابی/خوێندکار بە پرۆپۆزەڵ و ژینگەی توێژینەوە لە لایەن سەرپەرشتیار و کۆکردنەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوەی زانستی، هەروەها دەستکردن بە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە زانستیانەی دەستیکەوتووە و ئەنجامدانی ئەزموونی پێویست لە تاقیگە زانستیەکان بە ڕێنوێنی سەرپەرشتیارەکەی (ئەگەر پێویست بوو) لە نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان، یان هەر کارێکی دیکەی زانستی کە قوتابی/خوێندکار یان سەرپەرشتیار بە پێویستی بزانێت بۆ پاڵپشتیکردنی توێژینەوەکە.

٥. لە کۆتایی سیمستەرەکەدا، پێویستە قوتابی/خوێندکار راپۆرتی کار پێشکەش بە سەرپەرشتیار بکات دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لەم سیمستەرەدا بەدەست هاتووە، دواتر قوتابی/خوێندکار لەژێر چاودێری سەرپەرشتیارەکەی سیمینارێکی زانستی بە شێوەی (پرێزنتەیشن) پێشکەش دەکات و لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە بەشەکەی، کە بە لایەنی کەم (٣) سێ ئەندام بێت، دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لەم سیمستەرەدا بەدەست هاتووە بۆ نووسینی توێژینەوەکە و دوایین بڵاوکراوە زانستیەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکەی.

٦. بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ چاودێری و بەدواداچوون بکات بۆ ئاگاداربوون لە دوایین بەرەوپێشچوونەکانی نووسینی توێژینەوەکەی قوتابی/خوێندکار و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی داواکراو و دەستەبەرکردنی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی و مەرجەکانی دیکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار هەر (٣) سێ مانگ جارێک راپۆرتی بەرەوپێشچوونی کاروبارەکان (Progress report) پێشکەش بکات.

٧. ژمارەی کرێدێت (ECTS Credit) و نمرەی هەڵسەنگاندنی سیمستەری یەکەمی ساڵی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. بەردەوام بوونی کارکردنی کلینیکی لە نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان (ECTS 10)ی بۆ تەرخان دەکرێت و هەڵسەنگاندنی نمرەی قوتابی/خوێندکار بە گوێرەی ئامادەبوونی لە کلینیک و نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان دەبێت بە شێوەیەک کە نابێت ڕۆژانە لە (٤) چوار کاتژمێر کەمتر بێت لە هەفتەیەکدا.

ب. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی گشتگیر (Comprehensive Final Exam) لە گشت بابەتەکانی تیۆری و پراکتیکی تایبەت بە پسپۆریەکەی (20 ECTS)ی بۆ تەرخان دەکرێت و هەڵسەنگاندنی نمرەی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت کە لە لایەن لیژنەیەک ئەنجام دەدرێت و مەرجە یەکێک لە ئەندامەکانی لیژنە لە دەرەوەی کۆلێژ/سکوڵ بێت:

١. تاقیکردنەوەی (OSCE): ٢٠٪
٢. تاقیکردنەوەی زارەکی: ١٠٪
٣. تاقیکردنەوەی پراکتیکی: ٣٠٪
٤. تاقیکردنەوەی تیۆری: ٤٠٪

دوو/سیمستەری دووەم: قۆناغی درێژەدان بە نووسین و تەواوکردنی توێژینەوە و کارکردن لە کلینیک:-

١. بەردەوامیدانی قوتابی/خوێندکار بە نووسینی توێژینەوەکەی و بڵاوکردنەوەی و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێویست لە تاقیگە زانستیەکان بە ڕێنوێنی سەرپەرشتیارەکەی (ئەگەر پێویست بوو) لە نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان یان هەر کارێکی دیکەی زانستی کە قوتابی/خوێندکار یان سەرپەرشتیار بە پێویستی بزانێت بۆ پاڵپشتیکردنی توێژینەوەکەی.
٢. قوتابی/خوێندکار دەتوانێت (١) یەک مانگ زووتر پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی خوێندنەکەی، ئەگەر هەموو پێداویستییەکانی تەواو کردبوو، داواکاری پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارەکانی بەخشینی بڕوانامە.
٣. مامەڵەی تەواوبوون ئەنجام نادرێت بە بێ بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی (5)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS-Academic) یاخود لە تاقیکردنەوە هاوتاکانی وەکو (TOEFL-iBT 59, TOEFL-PBT 414 Pearson Academic-PTE 52,) و هەروەها وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی.
٤. ژمارەی کرێدێت (ECTS Credit) و نمرەی هەڵسەنگاندنی سیمستەری دووەمی ساڵی دووەم، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. بەردەوام بوونی کارکردنی کلینیکی لە نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان (10 ECTS)ی بۆ تەرخان دەکرێت و هەڵسەنگاندنی نمرەی قوتابی/خوێندکار بە گوێرەی ئامادەبوونی لە کلینیک و نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان دەبێت بە شێوەیەک کە نابێت ڕۆژانە لە (٤) چوار کاتژمێر کەمتر بێت لە هەفتەیەکدا.

ب. وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە (20 ECTS)ی بۆ تەرخان دەکرێت و هەڵسەنگاندنی نمرەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت:

- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ناوخۆیی (محکم) کە لە لایەن زانکۆکان و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و زانکۆ حکومیەکانی عێراق فیدراڵ دەردەچێت: (75%).

- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ئیندێکس کراو لە (Scopus) بەم شێوەیە دەبێت: (Scopus Q1: 90%)، (Scopus Q2: 85%)، (Scopus Q3, Q4: 80%).
- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ئیندێکس کراو لە (Clarivate analytics)ی بە بێ فاکتەری کاریگەری (Impact Factor): (%90).
- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ئیندێکس کراو لە (Clarivate analytics)ی کە فاکتەری کاریگەری (Impact Factor) هەیە: (%95).

## سێ/ نمونەی خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (Hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (credit):

١. ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەر سیمستەرێکی ساڵی یەکەم و خوێندنی چەند بابەتێک لە ماوەی ئەم سیمستەرەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS credit ) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان هەفتەیەک (٥٠) کاتژمێر | | | | | |
| کۆی کاتژمێرەکانی سیمستەرێک (٧٥٠) کاتژمێر | | | کۆی کرێدیت (ECTS credit) بۆ هەر سیمستەرێک (٣٠) کرێدیت | | |
| (١٢-١٥ + ٣٨- ٣٥= ٥٠) کاتژمێر | | | (٥٠ × ١٥= ٧٥٠) کاتژمێر | | ٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) یەکە |
| کاتژمێری وانەکانی تیۆری ڕووبەڕوو (محاضرات) Contact hours ) face to face (class (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا | کاتژمێری (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) تەرخانکراو بۆ ئامادەکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی کویز و میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و Assignment و هتد.... (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا | کۆی گشتی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک | ژمارەی هەفتەکانی هەر سیمستەرێک (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی) | کۆی ژمارەی کاتژمێرەکانی هەر سیمستەرێک | ژمارەی کاتژمێری پێویست بۆ هەر کرێدیت (ECTC credit) |
| (١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٣٨-٣٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٥٠) کاتژمێر | (١٤) هەفتەی کرداری | (٧٥٠) کاتژمێر | (١) یەکە ECTC credit = (٢٥) کاتژمێر |

٢. ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو سیمستەری یەکەم و دووەم (ساڵی دووەم)ی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) لە ساڵی دووەم بۆ نووسینی تێزی توێژینەوە بەرامبەر کرێدیت (ECTS credit )ی پێویست. | | |
|---|---|---|
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی کرێدیت (ECTS credit )ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (٣٠٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | ٣٠٠ × ٥ = (١٥٠٠) کاتژمێر |
| ١٥٠٠ ÷ ٢٥ = ٦٠ کرێدیت (ECTS credit ) | | |

٣. ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ سەرجەم سیمستەرەکانی ساڵەکانی خوێندن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی یەکە (ECTS credit)کانی هەردوو ساڵی خوێندن | | |
|---|---|---|
| ساڵ | سیمستەری یەکەم | سیمستەری دووەم |
| ساڵی یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری دووەم |
| ساڵی دووەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری دووەم |
| **کۆی گشتی** | **٣٠+٣٠+٣٠+٣٠= ١٢٠ کرێدیت (ECTS credit)** | |

**ماددەی سێیەم:** قوتابی/خوێندکار ئەگەر پێویستی بە درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن بوو، بۆی هەیە بەپێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، بەڵام لە کاتی درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن هیچ کرێدیت (ECTS credit) بۆ خوێندنەکە زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری بەسەر نایەت. بۆ درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن تەنها (٦) شەش مانگی یەکەم بە مووچەیە و (٦) شەش مانگی دووەم بە بێ مووچە دەبێت.

**ماددەی چوارەم: حوکمە کۆتاییەکان:**

١. پێشکەشکاری خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) لە بوارەکانی پزیشکی گشتی مەرجە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی گشتی بێت و پزیشکی نیشتەجێی دێرین (إقامة قدمى)ی هەبێت، هەروەها بۆ بواری پزیشکی ددان و دەرمانسازی مەرجە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ددان و دەرمانسازی بێت و (١) یەک ساڵ بەسەر دەرچوونی تێپەر بوو بێت، ئەگەر پێشکەشکار دانەمەزرابێت، بەڵام ئەگەر دامەزرابێت ئەوا پێویستە (٢) دوو ساڵ خزمەتی کردەیی لە ڕاژە تەواو کردبێت دوای وەرگرتنی دوایین بڕوانامەی پەسەندکراوی.

٢. بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی یەکەمی خوێندن، پێویستە قوتابی/ خوێندکار پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوون لە وانەکان، بە پێچەوانەوە لە کاتی تێپەڕاندنی ڕێژەی (١٠%) ی نەهاتن بەبێ هۆکار و ڕێژەی (١٥%) ی نەهاتن بە پاساوی ڕەوا بۆ هەر بابەتێک، ئەوا سڕینەوەی ناوی (ترقين رقيد)ی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

٣. بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن، پێویستە قوتابی/ خوێندکار پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوونی هەفتانە لەگەڵ سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی یان شوێنی ڕاهێنانەکەی بەپێی ڕێنماییەکان بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکان و ئەو کارانەی ئەنجامی داوە و وەرگرتنی ڕاو سەرنجی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی و ئاراستەکردنی قوتابی/خوێندکار، بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار ئەگەر ئامادەنەبوو، سەرپەرشتیار ڕاپۆرت پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش دەکات و کەمتەرخەمی قوتابی/خوێندکار ڕوونەکاتەوە و لە حاڵەتی بەردەوامی ئامادەنەبوونی قوتابی/خوێندکار بۆ ماوەی (٤) هەفتە بە گشتی لە ماوەی هەر سیمستەرێک بەبێ هۆکاری ڕێگەپێدراوی وەکو هۆکاری تەندروستی پاڵپشت بە ڕاپۆرتی تەندروستی یان هەر هۆکارێک کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی قوتابی/خوێندکار بێت (الظروف القاهرة)، سەرپەرشتیار دەتوانێت پێشنیاری دابڕانی قوتابی/خوێندکار لە خوێندنەکەی پێشکەش بە

سەرۆکایەتی بەش بکات و بدرێتە (ئەنجومەنی بەش) و پێشنیاری (سڕینەی ناو)ی بکات بۆ (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ)، دوای پەسەندکردنی لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ)، ئەوا فەرمانی (سڕینەوەی ناو)ی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٤. بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن، فۆڕمی تایبەت بە دیداری (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی هەفتانە ئیمزا دەکرێت و بنەمایەک دەبێت بۆ ئەرک و مافەکانی (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار، بە پێچەوانەوە شایستەی دارایی بۆ سەرپەرشتیار خەرج ناکرێت.

٥. دەرچووانی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) هەموو مافە دارایی و کارگێرییەکانی بڕوانامەی ماستەریان پێ دەدرێت، جگە لە مافە ئەکادیمییەکان وەکو (وەرگرتنی نازناوی زانستی و پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دکتۆرا).

٦. مەرجە قوتابی/خوێندکاری دەرچووانی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی)، لە تاقیکردنەوەی سیمستەرەکان نمرەی لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو سیمستەرەکەدا تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٧٠٪) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە راستەوخۆ بە پێی ڕێنماییەکان فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە لایەن زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٧. دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمی سیمستەری یەکەم، خولی دووەمی سیمستەری یەکەم بەڕێوەدەچێت، ئەگەر قوتابی/خوێندکار لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەمی سیمستەری یەکەم دەرنەچوو، ئەوا راستەوخۆ سڕینەوەی ناو (ترقین قید) بۆ دەردەچێت و مافی بەشداریکردنی چوونە نێو سیمستەری دووەمی خوێندنی نابێت. هەروەها دوای تەواوبوونی خولی یەکەمی سیمستەری دووەم، خولی دووەمی سیمستەری دووەم بەڕێوەدەچێت و ئەگەر قوتابی/خوێندکار، لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەمی سیمستەری دووەم دەرنەچوو، ئەوا راستەوخۆ سڕینەوەی ناو (ترقین قید) بۆ دەردەچێت و مافی بەشداریکردنی چوونە نێو ساڵی دووەمی خوێندن نابێت.

**ماددەی پێنجەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت، و ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە درێژەدان بە خوێندن، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی شەشەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

## پاشکۆی ڕێنمایی

## نمونەیەک لە نامیلکەی تۆمارکردن (Log book)

ئەم لاپەڕەی پوختەیە دەبێت پڕ بکرێتەوە و هاوپێچ بکرێت لەگەڵ سەرەتای ئەو لۆگبووکەی کە پێشکەشی دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندن. ئەگەر هەست دەکرێت تیمی هەڵسەنگاندن ڕەنگە پێویستی بە زانیاری زیاتر هەبێت لە پەیوەندی بەو زانیاریانەی کە پێشکەشی کردووە، تکایە بەشی تێبینییەکان بەکاربهێنە کە پێشکەش کراوە.

ژمارە پێشنیار کراوەکانی کەیسەکانی کە پێشکەش کراون تەنها ڕێنماییە و قوتابی/خوێندکار مافی هەیە نامیلکەی تۆمارکردن پێشکەش بکات کە کەمتر یان زیاتر لە ژمارەی پێشنیارکراوی کەیسەکان بێت. لە پێداچوونەوەکە تێکەڵ بوون و بڕی کەیسەکان لەبەرچاو دەگیرێت.

| ژ | جۆری چارەسەر | ژمارەی پێشنیارکراوی کەیسەکان کە دەبێت ببینرێت | ژمارەی ئەو کەیسانەی کە تا ئێستا بینراوە |
|---|---|---|---|
| ١ | | | |
| ٢ | | | |
| ٣ | | | |

تێبینی بۆ هەڵسێنگەرەکان ئەگەر هەیە ..................................................................................

پشتڕاستی دەکەمەوە کە زانیارییەکانی لێرەدا ڕاست و دروستن. زیاتر پشتڕاستی دەکەمەوە کە ئەو حاڵەتانەی لەم نامیلکەیەدا هاتووە، ئەو نەخۆشانەن کە من، داواکار، چارەسەرم کردووە.

ناوی سیانی قوتابی/خوێندکار:

واژوو:

بەروار:

## هۆیەکانی دەرچوون

بە مەبەستی ڕێکخستنی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچووواند.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی/ لەگەڵ ریزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەرابیەکان.
- دەرکردە خولاو .

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Ministry of Higher Education & Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

ژمارە: ١٠٣٧٤
ڕێکەوت: ١٥/ ٨/ ٢٠٢٣ ی زایینی
٤/ ٥/ ٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٣

پاڵپشت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و (ماددەی پێنجەم/١) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٦٩٧٥) لە (٦/٦/٢٠٢٣)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٢٣)

## ڕێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم/** لە خوێندنی ماستەر (ECTS 120) کرێدیت بۆ هەردوو ساڵەکە تەرخان دەکرێت، بە شێوەیەک کە (ECTS 60)ی بۆ هەردوو سیمستەری ساڵی یەکەم دەبێت کە هەر سیمستەرێک (ECTS 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت و (ECTS 60)ی بۆ ماستەرنامە بە سەرکەوتوویی تەرخان دەکرێت، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

### أ. ساڵی یەکەم/ سیمستەری یەکەم:

١. خوێندنی (٥) پێنج بابەت بە لایەنی کەم لە ماوەی سیمستەری یەکەم، کە مەرجە بە لایەنی کەم (٣) سێ بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) بێت و پەیوەندیدار بێت بە خوێندنەکەی و لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی بەش) و (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەند بکرێت، هەروەها خوێندنی بە لایەنی کەم (٢) دوو بابەتی گشتی (General Module) بەم شێوەیەی خوارەوە:
- بابەتی (Advanced Computer Skills) یان بابەتی (Biostatistics) یاخود بابەتی (Statistics) بە پێی تایبەتمەندی بەشە زانستیەکە. هەروەها بۆ ئەو بەشانەی کە خوێندنی ئەم بابەتانە لە پسپۆری بەشەکەیە، دەکرێت بابەتی دیکەی پێویست بخوێندرێت.
- بابەتی (Advanced Research Methodology) بۆ خوێندنی چۆنیەتی ئەنجامدان و نووسینی توێژینەوەی زانستی و دەسپاکی ئەکادیمی و بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی لە ڕێگەی سۆفتوێرەکانی EndNote و BibTex و Mendeley و Plagiarism و فێربوونی Presentation...هتد.

٢. ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).

٣. بۆ هەر بابەتێک پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (Contact hour- face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٤. کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) دەبێت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان و خوێندکاران.

٥. پێویستە بۆ هەر بابەتێك، قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پرێزنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیە داواکراوەکان لە قوتابی/خوێندکارەکە زیاتر بکات بە پێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.

٦. بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) نەوەک بابەتە گشتیەکان، پێویستە قوتابی/خوێندکار (١) یەک ( Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بۆ هەر بابەتێک بە جیا بنووسێت و بە شێوەی (پرێزنتەیشن) لەسەر ئارتیکل ریڤیوەکە پێشکەش بکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لە لایەن مامۆستای بابەت.

٧. لە (٥٠٪)ی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، لەسەر نووسینی (Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی دەبێت کە لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review article) دەکرێت و پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠٪)ی نمرەکەی دیکەی دوو لە بابەتە سەرەکیەکان لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final exam) سیمستەری یەکەم دەبێت.

٨. لە (٥٠٪)ی نمرە بۆ (١) یەک لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm Exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠٪)ی نمرەکەی دیکەی بابەتە سەرەکیەکە لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final exam) سیمستەری یەکەم دەبێت.

٩. لە (٥٠٪)ی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە گشتیەکان وەکو (Advanced Computer Skills یان Biostatistics یاخود Statistics بەپێی تایبەتمەندی بەشەکە) و (Advanced Research Methodology)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm Exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠٪)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی گشتی لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم ( Final exam) دەبێت.

١٠. پێویستە دوو (بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course) لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دەست نیشان بکرێت و لە لایەن قوتابی/خوێندکار بە ئارەزووی خۆی یەکێک لەو دوو بابەتە هەڵدەبژێرێت و دەخوێنێت.

١١. پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکرێت.

١٢. مامۆستای بابەت، پێویستە هەڵگری نازناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر) بێت کە پێشینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانستی بەرزتر دەبێت، لە کاتی نەبوونی دەکرێت هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای خاوەن نازناوی زانستی (مامۆستا) بە مەرجێک (١) یەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محكم)ی دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت و نابێت هەر مامۆستایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە بۆ هەر سیمستەرێک.

**ب. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە لە (ساڵی یەکەم/سیمستەری یەکەم) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

**١. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بە Review article):**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | ئارتیکلی پێداچوونەوە (Review article) بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمره | | | | ٢٠ % نمره | | ٥٠ % نمره | ١٠٠٪ نمره |
| | ٥٠ % نمره | | | | | | |

**٢. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (١) یەک لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بە بێ Review article):**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm) exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمره | | | ٢٠ % نمره | | ٥٠ % نمره | ١٠٠٪ نمره |
| | ٥٠ % نمره | | | | | |

**٣. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە گشتیەکان:**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm) exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمره | | | ٢٠ % نمره | | ٥٠ % نمره | ١٠٠٪ نمره |
| | ٥٠ % نمره | | | | | |

KRG Iraq Research
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
KRG Iraq
دەرکردە

## ٤. خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیتی (ساڵی یەکەم/سیمستەری یەکەم)

| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی ( Contact hours- face to face class) کارکردن لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) کارکردن لە هەفتەیەکدا |
|---|---|---|---|---|
| سیمستەری یەکەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر | | | | |
| ١ | Advanced Research Methodology | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | بۆ نووسینی (Review article)ی (٤٠٠٠-٥٠٠٠) بە پەیرەوکردنی میتۆدی توێژینەوە بۆ سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لە ماوەی سیمستەری یەکەم و ئامادەکردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و هەر هەڵسەنگاندنێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتە گشتیەکان |
| ٢ | Advanced Computer Skills یان Statistics یان Biostatistics | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course<br>بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| **کۆی گشتی** | | **30 (Credit ECTS)** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر** |

### ت. ساڵی یەکەم/ سیمستەری دووەم:

١. خوێندنی (٥) پێنج بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) بە لایەنی کەم لە ماوەی سیمستەری دووەم کە پەیوەندیدارە بە خوێندنەکەی لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی بەش) و (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەند بکرێت.

٢. ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).

٣. بۆ هەر بابەتێک پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (Contact hour- face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٤. کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) دەبێت بە مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابی/ خوێندکار.

٥. پێویستە بۆ هەر بابەتێک قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست

نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیە داواکراوەکان زیاتر بکات بەپێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.

٦. پێویستە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، قوتابی/خوێندکار (١) یەک (Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بۆ هەر بابەتێک بە جیا بنووسێت و پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ئارتیکل ریڤیوەکە پێشکەش بکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لە لایەن مامۆستای بابەت.

٧. لە (٥٠٪)ی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، لەسەر نووسینی (Review article) دەبێت کە لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review article) دەکرێت و پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠٪)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی سەرەکی (پسپۆری) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم ( Final exam) دەبێت.

٨. لە (٥٠٪)ی نمرە بۆ (٣) سێ لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠٪)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی سەرەکی (پسپۆری) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم ( Final exam) دەبێت.

٩. پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆریی جێبەجێ بکرێت.

١٠. مامۆستای بابەتەکان، پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە مەرجی نازناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر) بێت کە پێشینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانستی بەرزتر دەبێت، لە کاتی نەبوونی دەکرێت هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای خاوەن نازناوی زانستی (مامۆستا) بە مەرجێک (١) یەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت وانە بڵێتەوە و نابێت هەر مامۆستایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە.

**پ. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە لە (ساڵی یەکەم/سیمستەری دووەم) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

**١. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بە Review article):**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | ئارتیکلی پێداچوونەوە (Review article) بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) | ئەنجامدانی کویز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم Midterm) (exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠٪ نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | | |

٢. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (٣) سێ لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بە پێ Review article):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | ٢٠% نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠٪ نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | |

٣. خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیتی (ساڵی یەکەم/سیمستەری دووەم)

| سیمستەری دووەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی ( Contact hours- face to face class) کارکردن لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) کارکردن لە هەفتەیەکدا |
| ١ | بابەتی پسپۆری یەکەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | بۆ نووسینی (Review article )ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) بە پەیڕەوکردنی میتۆدی توێژینەوە بۆ سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لە ماوەی سیمستەری دووەم و ئامادەکردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و هەر هەڵسەنگاندنێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) |
| ٢ | بابەتی پسپۆری دووەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی پسپۆری سێیەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی پسپۆری چوارەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course<br>بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| | **کۆی گشتی** | **30 (credit ECTS)** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر** |

## ج. ساڵی دووەم/ سیمستەری یەکەم: پرۆسەی پەسەندکردنی پرۆپۆزەڵ و دیاریکردنی سەرپەرشتیار و کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانستی و دەستکردن بە نووسینی ماستەرنامە:

١. لە سەرەتای هەفتەی یەکەمی ساڵی دووەمی خوێندن، پێویستە قوتابی/خوێندکار پرۆپۆزەڵێکی سەرەتایی ئامادە بکات بە هەماهەنگی مامۆستایەک کە مافی سەرپەشتیاریی لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان هەبێت و پێویستە پرۆپۆزەڵەکە لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان و ڕەنگدانەوەی کێشە و گیروگرفتەکانی سەردەم لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و زیاتر خزمەت کردن بە ڕەوتی زانست لە کوردستان بە ئامانجی بەستنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر و ...هتد، و پێشکەشی سەرۆکایەتی بەش بکات، پاشان پرۆپۆزەڵەکە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) پەسەند بکرێت.

٢. لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت کە پێویستە (١) یەکێکیان لە دەرەوەی بەشەکەی بێت لەسەر ئاستی هەر بەشێک بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێک بە جیا پێکدەهێنرێت و پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە بە هەماهەنگی و ئامادەبوونی

سەرپەرشتیار سیمینارێکی زانستی پێشکەش بە لیژنەکە بکات بۆ مەبەستی چەسپاندن و هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵەکە. ئەگەر لیژنەکە تێبینی و سەرنجی هەبوو ئەوا مافی پێشنیازی بە پێداچوونەوەی پرۆپۆزەڵە پێشکەشکراوەکە هەیە و پاشان لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند دەکرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر لیژنەکە بە پێویستی زانی پرۆپۆزەڵەکە بە تەواوی بگۆردرێت بە هۆکار و پاساوی رەوای زانستی، ئەوا پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیار پرۆپۆزەڵێکی دیکە پێشکەش بە (لیژنەی زانستی بەش) بکات لە ماوەی (٢) دوو هەفتەدا، لە حاڵەتی پەسەندکردنی ئەوا پرۆپۆزەڵەکە پێشکەش بە لیژنە پسپۆرییەکە دەکات و دواتر سیمیناری زانستی بۆ بکرێت و لە لایەن لیژنە پسپۆرییەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە مەبەستی پەسەندکردنی و پاشان لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند بکرێت.

٣. دواتر فەرمانی کارگێری چەسپاندنی پرۆپۆزەڵ بۆ قوتابی/خوێندکارەکان لە لایەن راگرایەتی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ دەردەکرێت.

٤. هەروەها سیمستەری یەکەمی (ساڵی دووەم)ی خوێندن، بریتی دەبێت لە زیاتر ئاشنابوونی قوتابی/خوێندکار بە پرۆپۆزەڵ و ژینگەی توێژینەوە لە لایەن سەرپەرشتیار، و کۆکردنەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوەی زانستی و ئەنجامدانی ئەزموونی پێویست لە تاقیگەی زانستەکان بە رێنوێنی سەرپەرشتیارەکەی (ئەگەر پێویست بوو)، یان هەر کارێکی دیکەی زانستی کە قوتابی/خوێندکار یان سەرپەرشتیار بە پێویستی بزانێت بۆ پاڵپشتیکردنی ماستەرنامە.

٥. لە کۆتایی سیمستەرەکەدا، پێویستە قوتابی/خوێندکار راپۆرتی کار پێشکەش بە سەرپەرشتیار بکات دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لەم سیمستەرەدا بەدەست هاتووە، دواتر قوتابی/خوێندکارەکە لەژێر چاودێری و ئامادەبوونی سەرپەرشتیارەکەی سیمینارێکی زانستی بە شێوەی (پرێزنتەیشن) پێشکەش دەکات و لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە بەشەکەی کە بە لایەنی کەم (٣) سێ ئەندام بێت، دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لەو سیمستەرەدا بەدەست هاتووە بە مەبەستی نووسینی ماستەرنامەکەی و دوایین بڵاوکراوە زانستیەکانی پەیوەندیدار بە ماستەرنامەکەی و پرۆسەی (الضبط الدقيق-Tunning) کە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ دەکرێت و دواتر قوتابی/خوێندکار پێویستە سەرنج و تێبینیە زانستیەکانی لیژنەکە بەهەند وەربگرێت بۆ درێژەدان بە نووسینی ماستەرنامەکەی بە شێوەیەکی زانستی. ئەم سیمینارە زانستیە هیچ نمرە و یەکە (ECTS Credit)ی بۆ تەرخان ناکرێت، بەڵکو بۆ مەبەستی بەدواداچوون کارەکان و پێدانی رێنوێنی زانستییە بە قوتابی/خوێنکار.

٦. بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ چاودێری و بەدواداچوون بکات بۆ ئاگاداربوون لە دوایین بەرەوپێشچوونەکانی نووسینی ماستەرنامەکەی قوتابی/خوێندکار و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی داواکراو و دەستەبەرکردنی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی و مەرجەکانی دیکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار هەر (٣) سێ مانگ جارێک راپۆرتی بەرەوپێشچوونی کاروبارەکان (Progress report) پێشکەش بکات.

٧. نمرەی (ECTS Credit)ی ئەم سیمستەرە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە لە کۆتایی خوێندنەکە.

ح. ساڵی دووەم/سیمستەری دووەم: قۆناغی درێژەدان بە نووسین و تەواوکردن و پێشکەشکردنی ماستەرنامە:-

١. بەردەوامیدانی قوتابی/خوێندکار بۆ نووسینی ماستەرنامە و تەواوکردنی.

٢. لە کاتی تەواوبوونی ماستەرنامەکە قوتابی/خوێندکار لە ڕێگەی داواکارییەکی فەرمی پاڵپشت بە ڕەزامەندی سەرپەرشتیار لە ڕێگەی (بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ/فاکەڵتی/سکول) ئاڕاستەی (سەرۆکایەتی بەشی زانستی) دەکات پێش (٢) دوو مانگ بە لایەنی کەم بەر لە تەواوبوونی ماوەی خوێندنەکەی بۆ وەرگرتنی ڕێکارەکان و چاپکردنی ماستەرنامەکە و دیاریکردنی ڕێکەوتی گفتوگۆ لە چوارچێوەی میچی ماوەی خوێندن، لەسەر بەشی زانستی پێویستە لەم ماوەیەدا ڕێکارەکانی ناردنی ماستەرنامە بۆ پێداچوونەوەی زمانەوانی و هەڵسەنگێنەری زانستی و دانانی لیژنەی تاوتوێکردن ئەنجام بدات. هەروەها مەرجە سەرجەم پرۆسەکان بە پێی ڕێنماییەکان تێپەڕبووبێت و ڕاپۆرتی ڕاسپاردەکانی لیژنەی سیمینارەکان لە ماوەی سیمستەری یەکەمی ساڵی دووەم هەروەکو لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە هاتووە، هاوپێچ بکرێت و دۆکیومێنت بکرێت.

٣. قوتابی/خوێندکار دەتوانێت (٣) سێ مانگ زووتر پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی خوێندنی ماستەر، ماستەرنامەکە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارەکان.

٤. ناردنی ماستەرنامەکە بە نووسراوی فەرمی سەرۆکی بەش لەگەڵ فۆڕمی هاوپێچکراو بۆ (پێداچوونەوەی زمانەوانی) کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت لە پسپۆری ئەو زمانەی کە ماستەرنامەکەی پێنووسراوە.

٥. دەرکردنی فەرمانی کارگێری و ناردنی ماستەرنامەکە بە نووسراوی فەرمی سەرۆکی بەش لەگەڵ فۆڕمی هاوپێچکراو بە شێوەی نهێنی بە بێ ئاماژەکردن بە ناوی قوتابی/خویندکار بۆ (هەڵسەنگێنەری زانستی) کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە پلەی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بێت و مەرجە لە دەرەوەی میلاکی زانکۆکە بێت و ڕەزامەندیدانی لەسەر ئەوەی کە ماستەرنامەکە شایستەی تاوتوێکردنە، پاشان پێویستە قوتابی/خوێندکار گشت تێبینی و سەرنجە زانستیەکانی هەڵسەنگێنەری زانستی جێبەجێ بکات.

٦. لە هەموو پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی زانستی مەرجە هەڵسەنگێنەر پابەند بێت بە هەموو بنەماکانی پاراستنی خاوەندارێتی هزری (الملكية الفكرية- Intellectual property)، بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٧. دەسەڵات دەرێت بە زانکۆکان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی (Plagiarism)ی ماستەرنامەکە.

٨. تاوتوێکردنی ماستەرنامە ئەنجام نادرێت بە بێ بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی و وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی داواکراو بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢) خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان، هەروەها مەرجە توێژینەوە بڵاوکراوە داواکراوەکە هەڵێنجراو (مستل) بێت لە ماستەرنامەکە.

٩. لە کاتی تاوتوێکردنی ماستەرنامە، پێویستە وێنەیەک لە ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕاپۆرتی هەڵسەنگێنەری زانستی و ڕاپۆرتی لیژنەکانی پسپۆری کە بریتییە لە دەرئەنجامی سیمیناری قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەری یەکەمی ساڵی دووەمی خوێندن هەروەکو لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە هاتووە، هاوپێچ بکرێت و وێنەیەک لە ڕاپۆرتەکان لەگەڵ ماستەرنامەکە بدرێتە (سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن).

١٠. مەرجە قوتابی/خوێندکار تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی لەناو کامپەسی زانکۆی خۆی ئەنجام بدات.

١١. سەبارەت بە شێوازی نووسینی ماستەرنامە، دەسەڵات دەدرێت بە (ئەنجومەنی زانکۆکان) بەپێی تایبەتمەندی زانکۆکە ئەو شێوازە دیاری بکات لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕێبەری خوێندنی باڵا و بڵاوکردنەوەی لەسەر وێبسایتی زانکۆ.

١٢. نمرەی (ECTS Credit)ی ئەم سیمستەرە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە لە کۆتایی خوێندنەکە.

## چ. نمونەی خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (credit):

**١.** ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەر سیمستەرێکی ساڵی یەکەم و خوێندنی چەند بابەتێک لە ماوەی ئەم سیمستەرەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS credit ) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان هەفتەیەک (٥٠) کاتژمێر | | | | | |
| کۆی کاتژمێرەکانی سیمستەرێک (٧٥٠) کاتژمێر | | | کۆی کرێدیت (ECTS credit) بۆ هەر سیمستەرێک (٣٠) کرێدیت | | |
| (١٢-١٥ + ٣٨- ٣٥= ٥٠) کاتژمێر | | | (٥٠ × ١٥= ٧٥٠) کاتژمێر | | ٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) یەکە |
| کاتژمێری وانەکانی تیۆری ڕووبەڕوو (محاضرات) Contact hours ) face to face (class (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا | کاتژمێری (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) تەرخانکراو بۆ ئامادەکردنی ( Review article) و سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی کویز و میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و Assignment و هتد.... (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا | کۆی گشتی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک | ژمارەی هەفتەکانی هەر سیمستەرێک (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر) | کۆی ژمارەی کاتژمێرەکانی هەر سیمستەرێک | ژمارەی کاتژمێری پێویست بۆ هەر کرێدیت (ECTC credit) |
| (١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٣٨-٣٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٥٠) کاتژمێر | (١٤) هەفتە | (٧٥٠) کاتژمێر | ECTC credit (١) یەکە = (٢٥) کاتژمێر |

**٢.** ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو سیمستەری یەکەم و دووەم (ساڵی دووەم)ی نووسینی ماستەرنامە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) لە ساڵی دووەم بۆ نووسینی ماستەرنامە بەرامبەر کرێدیت (ECTS credit )ی پێویست. | | |
|---|---|---|
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی کرێدیت (ECTS credit )ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (٣٠٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | ٣٠٠ × ٥ = (١٥٠٠) کاتژمێر |
| ١٥٠٠ ÷ ٢٥ = ٦٠ کرێدیت (ECTS credit ) | | |

٣. ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ سەرجەم سیمستەرەکانی ساڵەکانی خوێندن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی یەکە (ECTS credit)کانی هەر دوو ساڵی خوێندن | | |
|---|---|---|
| ساڵ | سیمستەری یەکەم | سیمستەری دووەم |
| ساڵی یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری دووەم |
| ساڵی دووەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ نووسینی ماستەرنامە | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ نووسینی ماستەرنامە |
| کۆی گشتی | 30+30+30+30= 120 کرێدیت (ECTS credit) | |

**ماددەی دووەم:** قوتابی/خوێندکاری ماستەر، ئەگەر پێویست بوو بۆی هەیە بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن ئەنجام بدات، بەڵام لە کاتی درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن هیچ کرێدیت (ECTS credit) بۆ خوێندنەکە زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری بەسەر نایەت.

**ماددەی سێیەم: حوکمە کۆتاییەکان:**

١. بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی یەکەمی خوێندن، پێویستە (قوتابی/ خوێندکار) پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوون لە وانەکان، بە پێچەوانەوە لە کاتی تێپەڕاندنی ڕێژەی (١٠%)ی بە بێ هۆکار و ڕێژەی (١٥%)ی بە پاساوی ڕەوا بۆ هەر بابەتێک، ئەوا سڕینەوەی ناوی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

٢. بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن، پێویستە (قوتابی/ خوێندکار) پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوونی هەفتانە لەگەڵ سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی بەپێی ڕێنماییەکان بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکان و ئەوکارانەی ئەنجامی داوە و وەرگرتنی ڕاوسەرنجی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی و ئاراستەکردنی قوتابی/خوێندکار، بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار ئەگەر ئامادەنەبوو، پێویستە سەرپەرشتیار ڕاپۆرت پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات و کەمتەرخەمی قوتابی/خوێندکار ڕوونبکاتەوە و لە حاڵەتی بەردەوامی ئامادەنەبوونی قوتابی/خوێندکار بۆ ماوەی (٤) هەفتە بە گشتی لە ماوەی هەر سیمستەرێک بەبێ هۆکاری ڕێگەپێدراوی وەکو هۆکاری تەندروستی پاڵپشت بە ڕاپۆرتی تەندروستی یان هەر هۆکارێک کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی قوتابی/خوێندکار بێت (الظروف القاهرة)، سەرپەرشتیار دەتوانێت پێشنیاری دابڕانی قوتابی/خوێندکار لە خوێندنەکەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات و بدرێتە (ئەنجومەنی بەش) و پێشنیاری (سڕینەی ناو)ی بکات بۆ (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ)، ئەگەر (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەندی کرد، ئەوا فەرمانی (سڕینەوەی ناو)ی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٣. بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن، فۆرمی تایبەت بە دیداری (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی هەفتانە ئیمزا دەکرێت و بنەمایەک دەبێت بۆ ئەرک و مافەکانی (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار، بە پێچەوانەوە شایستەی دارایی بۆ سەرپەرشتیار خەرج ناکرێت.

**ماددەی چوارەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت و ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە درێژەدان بە خوێندن، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی پێنجەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

| هەرێمی كوردستان- عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>ناوی زانکۆ | لۆگۆی زانکۆ | إقليم كوردستان – العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التعليم العالي والبحث العلمي<br>إسم الجامعة |
|---|---|---|

## فۆرمی پێداچوونەوەی زمانەوانی

## ( بۆ ماستەرنامە)

**زانیارییە گشتیەکان:-**

ناونیشانی ماستەرمانە:

ناوی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ:

ناوی بەشی زانستی:

ناوی پسپۆڕی:

**ئەنجامی هەڵسەنگاندن:** پەسەندە وەکو خۆی ◯ ئەنجامدانی گۆرانکاری هاوپێچکراو ◯

**تێبینی پێداچوونەری زمانەوانی:**.............................................................................................

.............................................................................................................................

.............................................................................................................................

**واژوو**
**ناوی سیانی پێداچوونەری زمانەوانی**
**پلەی زانستی**
**ناوی زانکۆ/ کۆلێژ/بەشی زانستی**
**پسپۆڕی**
**ڕێکەوت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**

**حكومة اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**
**مديرية الشؤون القانونية**

| هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>ناوی زانکۆ | لۆگۆی زانکۆ | إقليم كوردستان – العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التعليم العالي والبحث العلمي<br>إسم الجامعة |
|---|---|---|

## فۆڕمی هەڵسەنگاندنی زانستی
## ( بۆ ماستەرنامە)

**زانیاری گشتی**

ناونیشانی ماستەرمانە:

ناوی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ:

ناوی بەشی زانستی:

ناوی پسپۆڕی:

**ئەنجامی هەڵسەنگاندن:** شایستەی تاوتوێکردنە * (بەبێ گۆڕانکاری) — شایستەی تاوتوێکردنە ** ( بە گۆڕانکاری کەم) — شایستەی تاوتوێکردن نییە *** ( بە هۆی گۆڕانکاری زۆر)

* ماستەرنامەکە شایستەیە بۆ تاوتوێکردن بە بێ ئەنجامدانی گۆڕانکاری.

** ماستەرنامەکە شایستەیە بۆ تاوتوێکردن دوای ئەنجامدانی گۆڕانکاری کەم کە هاوپێچە و پێویست بە دووبارە هەڵسەنگاندن ناکات.

*** ماستەرنامەکە شایستە نییە بۆ تاوتوێکردن و پێویستە دوای ئەنجامدانی گۆڕانکاری هاوپێچکراو بە راپۆرت، دووبارە بۆ هەڵسەنگێنەرەکە دەنێردرێتەوە.

**تێبینی هەڵسەنگێنەری زانستی:**......................................................................................................

.........................................................................................................................................................

.........................................................................................................................................................

**واژوو**
**ناوی سیانی هەڵسەنگێنەری زانستی**
**پلەی زانستی**
**ناوی زانکۆ/ کۆلێژ/بەشی زانستی**
**پسپۆڕی**
**ڕێکەوت**

## هۆیەکانی دەرچوون

بە مەبەستی ڕێکخستنی شێوازی کۆڕسەکانی خوێندنی ماستەری ئەکادیمی لە گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی/ لەگەڵ ریزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە خولاو .